# دڵدار لە کایەی ڕێبازە ئەدەبییەکاندا

**توێژەر: م.ی. ئەڤین ئاسۆس حەمە**
**زانکۆی ڕاپەڕین/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت/ بەشی کوردی**

**پێشەکی :**

ڕێبازە ئەدەبیەکان وەک بابەتێکی هونەری و لقێکی ئەدەبی لەلایەن نوســـەران و بیرمەندانی ئەوروپا سەریان هەڵداوە و لەلایەن ئەوانیشەوە پۆلێن کراون، بەڵام لەگەڵ گەشەسەندنی ئەدەبیات و گۆڕانکارییە مێژووییەکان ئەم ڕێبازانە سـنوری وڵاتانی تریان گرتۆتەوە،شـاعیر و نووسـەرانی کوردیش یەکێک بوون لەوانەی هەر زوو پەیڕەویان لەو ڕێبازانە کردووە، ئەگەرچی تایبەتمەندی نەتەوەیی خۆیان پاراســـتووە و دەقەکانیان ڕەنگ و بۆی نەتەوەیی هەڵگرتووە،هەر قۆناغێکیش ڕەنگدەرەوەی ئەو بارودۆخە بووە، کە ڕێبازەکە تێیدا هاتۆتە ئاراوە، لە هەر قۆناغێکیشـــدا کۆمەڵێ شـاعیرو نووســەری بەتوانا دەرکەوتوون و بوونەتە ســـەرمەشـــقی ئەو تازەگەریەی لەو کاتەدا پەیدابوون.

دڵدار؛ یەکێکە لەو شـاعیرو نووسـەرانەی توانیویەتی بە نووکی خامە و بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەسپی خۆی لە مەیدانی شیعرنووسیندا تاو بدات و ناوێکی نەمر بۆخۆی تۆماربکات. دڵدار ئاماژەی بە کۆمەڵێک هۆکارێک کردووە، کە وایان لیکردووە پەیڕەوی چەند ڕێبازێکی جیاجیا بکات، هەر وەک دەبینین سەرەتای شیعر نووسینی بە کلاسیک دەست پێدەکات، دواتریش بەرەو ڕۆمانسیزم و واقیعەت و مەســەلەی چینایەتی چووە، لەکاتێکدا بارودۆخی ژیانیشـی بەو قۆناغانەدا ڕەت بووە، کە هێشـــتا بۆنی کلاسـیک مابوو، لە دواتریشـــدا ڕۆمانســیزم و ریالیزم لەئەدەبیاتی کوردی برەو دەسێنن و دەچەسپێن. بەلەبەرچاوگرتنی ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی ئەو ریبازە لەبەرهەمەکانیدا بە پێویســتمان زانی ئەوتوێژینەوەیە ئامادەبکەین . توێژینەوەکە پێک دێت لە پێشــەکی و دوو بەش، بەشـــی یەکەم دابەش کراوە بۆســـەر چەند تەوەرەیەک، چەمکو ســـەرهەڵدانی ڕێبازە ئەدەبییەکان لەئەوروپا، هەروەهـا ڕێبازە ئەدەبیەکان لەئەدەبی کوردی دا، بەکورتی باســـی ئەو ڕێبـازانەمـان کردووە، کە لە شـــیعرەکانی دڵدار ڕەنگیـان داوتەوە ، بەشـــی دووەمیشـــی تـایبەت کراوە بە ڕەنگدانەوەی ڕێبازەکان لەناو بەرهەمە شیعرییەکانی دڵدار دا، لە کۆتایشدا چەند ئەنجامێک خراوەتە بەردەست .

**چەمکی ڕێبازە ئەدەبییەکان :**

**١-١ چەمک و پێناسە:**

لە هەر ســەردەمێکدا تێگەیشــتنی مرۆڤ بۆ دیاریدە ســروشــتی و کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە باری ڕۆشنبیری و سیاسی و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی ،... ئەو سـەردەمەوە هەیە، لیکۆڵینەوە لەو دیاریدانەش لە ڕێی بیرمەندان و نووسـەران

و رۆشنبیرانەوە بووە، بێگومان بە جیاوازی ئەو سەردەم و ئەو بیرمەند و نووسەرانەش، لێکۆڵینەوەکانیش جیاواز دەبن و دەرئەنجامی جیاوازیش دەدەن بە دەستەوە. ڕێبازە ئەدەبییەکان وەک دیاریدەیەکی ئەدەبی جیهانی، هەڵقوڵاوی بیری مرۆڤایەتی و بیری بیرمەندان و نووسەرانن، کە لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی ئەورووپا و جیهانی دا بە پێی بارودۆخ و سەردەمە جیاوازەکان هاتوونەتە ئارا، دوای سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەو ڕێبازانە بە ولاتانی تردا بڵاو بوونەتەوە و شوێنی خۆیان گرتووە.

لە زمانی کوردی دا وشەی " ڕێباز یا قوتابخانە " بەرامبەر وشە یا زاراوەی " المذاهب " دێت، وەکو بنەڕەتی زاراوەکەش لە (( Ecole ی لاتینی و فەرەنسی وەرگیراوە)) ( ڕێبازە ئەدەبییەکان ، فەرهاد پیربال، ل: ٨)، ئەم زاراوەیە ڕوویەکی گشتگیری هەیە و چەندین بواری جیا جیا دەگرێتەوە هەروەک لە بواری ئایین ، فیکری ، فەلسەفی ، ئەدەبی ... هەربۆیە ئەو پێناسانەشی بۆی کراوە زیاتر بە شێوەیەکی گشتگیر خراوەتە ڕوو، دەبینین لە سادەترین پێناسەی دا دەوترێت((ئەو بیرو باوەڕەیە کە پەی پێدەبرێت))( http://www.diwanalarab.com/spip.php?article٢٣٣٥٩)) ، هەروەها لە فەرهەنگی عەرەبی" معجم المصطلحات العربية " بەم شێوەیە پێناسە کراوە(( کۆمەڵێک بیرو رای پێکەوە گرێدراو و ڕێکخراون لە لایەن بیرمەندێک یا قوتابخانەیەک دێنە ئاراوە، لەوانەش قوتابخانە ئاینییەکان یا قوتابخانە ئەدەبییەکان یا فەلسەفییەکان )) (معجم المصطلحات العربية، ٣٤٦)بەو واتایەی وەک کۆمەڵێک بیروڕای پێکەوە ڕێکخراو دێت، کە لەسەر دەستی بیرمەندێک یا وەک قوتابخانەیەک خۆی دەردەخات و سەرهەڵدەدات. هەروەها لە فەرهەنگی لاروسی فەرەنسی دا بەو شێوەیە پێناسەی کراوە(( سەرجەم ئەو لایەنگیرانەی، کە سەر بە یەک کۆمەڵە بنەمای فەلسەفی یا ئەدەبی یا هونەرین، یا هەموو ئەو نووسەر یا هونەرمەندانەی، کە خاوەن یەک جۆر تێگەیشتنی جوانیناسین)) ( ڕێبازە ئەدەبییەکان، فەرهاد پیربال، ٨)، لێرەدا ڕێباز وەک ڕێگە و ڕێچکەیەک دەردەکەوێت، کە کۆمەڵە نووسەرێک یا ڕۆشنبیرێک یا فەیلەسوفێک یا زانایەک لەسەری دەڕۆن. خودی ئەو ڕێچکەیەش لەلایەن مرۆڤەکانەوە بەڕێوە دەبرێن، چونکە بەرهەمی بیری مرۆڤایەتین، جا بەپێی تایبەتمەندی بیری ئەو کەسانەی پەیڕەوی لەو ڕێچکەیە یا ڕێگایە دەکەن، جۆری ڕیبازەکەش دەگۆڕێت، هەر بۆیە ڕێبازەکان بەپێی تێپەربوونی قۆناغەکان چەندین جۆر ڕێبازی جیاجیا هاتوونەتەکایەوە، ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئەو ڕێگا و ڕێبازەیە، کە کۆمەڵە نووسەرێک لە بواری ئەدەبیات دا پەیڕەوییان لێکردووە، ئەمەش بە " ڕێبازە ئەدەبییەکان ــ المذاهب الادبية " ناسراوە . ئەو ڕێگەیەی نووسەرانی بواری ئەدەبیاتیش لەسەری ڕۆیشتوون خەسڵەت و تایبەمەندی خۆی هەیە بەوەی، کە ڕەنگدەرەوەی بیر و قۆناغە مێژوویی و بابەتە هونەرییەکانن، (( ئەدەب و ڕێبازەکانی پێکهاتەی کۆمەڵێک تایبەتمەندی و پرەنسیپ و ئایدیا و جوانین لە زەمەنێکی دیاری کراوی مێژووییدا گەشەیان کردووە و تاکو ئێستاش تاکو ئێستاش جێگای سەرنجن)) ( ئەدەب و ڕێبازەکانی ئەورووپی ـ کوردی، عبدالقادر حەمە امین محمد، ٣)، کەواتە هەر یەک لەو ڕێبازە ئەدەبییانەش خاوەنی کۆمەڵێ خەسڵەت و تایبەتمەندیین، کە لەیەکیان جیادەکاتەوە، کە لە دواتردا بەپێی ئەو خەسڵەتانە جۆریەتی خۆیان وەرگرتووە، ئەمەش لە چۆنیەتی ئەو جیاوزییەدا دەردەکەوێت بەجۆریک(( جیاوزی نێوان ڕێبازە جۆربەجۆرەکانی هونەر، لە قۆناغەکانی مێژووییدا، لە بنەڕەتدا بریتییە لە جێوازی دەربارەی

چۆنیەتی عەکس کردنەوەی واقیع لە هونەردا، یا وردتر بڵێین لە فۆرمی هونەریدا))(فەلسەفەی جوانی و هونەر، کەمال مەمەند میراودەلی، ٢٥٥)، بەو جۆرە رەنگدانەوەی واقیع لەناو هونەر بەگشتی و ئەدەب بەتایبەتی و فۆرمە جیاجیاکانی ئەدەب دا دەبێتە یەکێک لە بنەماکانی ئەو ڕێبازە ئەدەبییە جۆربەجۆرانە. بۆ سەرهەڵدانی هەر ڕێبازێکی ئەدەبی یا فیکری ئەوا پێویستە بە بوونی سێ رەگەزی سەرەکی دەکات ، ئەوانیش بریتین لە:

١- کەسێتی : نووسەران یا بیرمەندان یا ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە رابەرایەتی و جێبەجێ کاری ئەو ڕێبازە دەبن .

٢- بارودۆخ : هەموو ڕێبازێک یا جوڵانەوەیەک یا قوتابخانەیەک پێویستی بە بارودۆخێکی گونجاو هەیە، بۆ ئەوەی ئەو ڕێبازەی تێدا سەرهەڵبدات و دواتریش ئەگەر بارودۆخ لەبار بێت ئەوا گەشەدەکات و پەرە دەسێنێت و بڵاو دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەوە بارودۆخ لەبار نەبێت ئەوا یا هەر زوو دەپوکێتەوە یا ناوبانگێکی ئەوتۆ پەیدا ناکات، کە مەودایەکی درێژ بخایەنێت، یا زۆرجار ڕێگە خۆشکەر دەبێت بۆ سەرهەڵدانی ڕێبازێکی گونجاوتر.

٣- بیر وەک ئایدیایەک : هەر ڕێبازێک خۆی لە خۆی دا بیرۆکەیەکی بچوکە و دواتر لە زەینی کەسایەتییەکاندا پەرەدەسێنێت و دەبێتە کۆمەڵە بیروڕایەکی ڕێکخراو و پێکەوە گرێدراو، کەلەلایەن کەسێک یا چەند کەسێکەوە پەیڕەوی لێدەکرێت و دواجاریش بڵاودەبێتەوە، هەر سێ رەگەزەکەش پەیوەستن بەیەکەوە و پێکەوە رەوت یا ڕێبازێک پێک دەهێنن((هەموو چالاکییەکی رۆشنبیری پەیوەستە بەسەردەمە کۆمەڵایەتی و شارستانیەکەی وە گشت چالاکیەک لە تیۆری ئەدەبدا بەهەمان شێوە پەیوەستداره بە باری مێژووی و ئەدەبی، کە پشتی پێ بەستراوە لەوەدەست هێنانی بیروڕاکان))( تیۆری ئەدەب، د.شکری عەزیز ماضی، ١٣)، چونکە هەموو ئەو چالاکیانە پەیوەستن بە خودی مرۆڤ و مێژووی مرۆڤایەتیش شایەدی ئەو گۆڕانکاریانەیە، کە لە قۆناغێکەوە بەرەو قۆناغێکی تر چوون، ئەم کۆمەڵە تیۆر و بۆچوونانەش لە کۆتایدا رەوت و ڕێبازێکی ئەدەبی یا فکری یا زانستی ... پێکدەهێنن.بەم شێوەیە زاراوەی ڕێباز وەکو رەوت و قوتابخانەیەک خۆی چەسپاند، کە بەجیاوازی بیری سەرەکی ناو ڕێبازەکە جۆری ڕێبازەکەش جیاواز دەبێت، هەروەک((بێگومان مرۆڤ دروستکەری شارستانیەتە، ناکرێ شتێ دروست بکات و بیهێنێتە ئاراوە، کەبیر لە خۆی و پێویستییەکانی و هۆکاری بوونی نەکاتەوە لەو جیهانەدا))( المذاهب الادبیه،د. شکری محمد العیاد، ١٣٧) بۆیە ڕێبازە ئەدەبییەکان دەرهاویشتەی بیری مرۆڤایەتین و پێویستییەکانی ژیانی ئەدەبی و رۆشنبیری وای کردووە بێنە ئاراوە. لە پێناسەیەکی تردا بەو شێوەیە هاتووە(( ڕێبازە ئەدەبییەکان چەند حاڵەتێکی دەروونی گشتی یا چەند حاڵەتێکی ناوەوەی مرۆڤە، لە ڕێی رووداوە مێژوویی و قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتی لە چەرخە جیاجیاکاندا هاتوونەتەبوون،لەو ڕێگەیەشەوە شاعیران و نووسەران و رەخنەگران دەربڕی ئەو حاڵەتانە بوون و چەند خاسیەت و تایبەتمەندییەکیان بەبەردا بڕیوون، کە بەکۆی هەموو ئەوانە ڕێبازێکیان دیاری کردووە، بە تێپەڕبوونی قۆناغەکانیش لەگەڵ پێشکەوتنی بیری مرۆڤایەتی گۆڕانیان بەسەردا کردووە و ڕێبازێکی تری نوێ هاتۆتە ئاراوە))( المذاهب الادبیه، د.شکری محمد العیاد، ١٣٦) بەپێیئەو پێناسەیە بێت کۆی بارە دەروونیەکانی نووسەران و رۆشنبیرانیش زۆر جار دەبنە هۆکارێک بۆ سەرهەڵدان و هاتنە ناوەوەی ڕێبازێکی نوێ، چونکە مەرج نیە هەموو ڕێبازێکی ئەدەبی

دەرهاویشـــــتەی بارە دەروونیەکانی نووســـــەران و شـــــاعیران بێت، بەڵکو پەیوەندی بەو لایەنە هۆشەکیەشەوە هەیە، کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی بیرێکی نوێ و دواتریش دەبێتە خاوەن بەرنامە و مانیفێســـتێکی دیاری کراو. کەواتە دەکرێ بڵێین؛ ڕێبازە ئەدەبییەکان ئەو ڕەوت و ڕێچکەیەیە، کە دەرئەنجامی بیری نووســەران و شــاعیران و ڕۆشــنبیرانن و خاوەن بەرنامە و مانیفێستێکی دیاری کراون لە چوارچێوەی کۆمەڵە بیروباوەڕێکی ڕێکخراو و پێکەوە گرێدراو، لە دواتریشـــــدا وەکو ڕێبازێک پەیڕەوی لێدەکرێت . بوونی ئەو ڕێبازە جیاجیانە هۆکارێکی باشـــە بۆ خوێنەر بۆئەوەی جیاکاریەک لە نێوان بیری نووســـــەران و شـــــاعیران دا بکات و هەروەها بەپێی ســـــەردەمەکانیش ڕێبازەکان جیابکاتەوە، چونکە هەر ڕێبازێک دەرئەنجامی بارودۆخی ســـەردەمی لە دایک بوونیەتی، هەر یەکەشــیان جۆرێک لە شــیعریەت و چێژ و ئەندێشـــە و ســیمای تایبەتی خۆی هەیە، ئەمەش مانای ئەوە نیە هەر یەک لەو ڕێبازانە خۆی بەســـەر خوێنەردا بســـەپێنێت و لە چوارچێوەی چەند یاسـاو تایبەتمەندییەکدا بخولێنەوە چونکە(( ئەدەب بە سـروشـتی خۆی ڕوحێکی زیندووە و ناخزێتە ژێر باری هیچ یاساو دەستورێکی لە قاڵبدراو)) ( المذاهب الأدبیه، نبیل راغب،٦). بەم شێوە ئەدەب لە چوارچێوەی ڕێبازە ئەدەبییەکاندا زیاتر مامەڵە لەگەل بیری نووســـــەران و ئەو قۆناغەی تێیدا دێتەکایەوە و ئەو ســـیما و تایبەتمەندییەی دەق هەڵیدەگرێت ،دەکات، کەئەمەش دەبێتە لقێک لە لقە دیار و کاریگەرەکانی ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی .

**٢-١ / سەرەتای سەرهەڵدانی ڕێبازە ئەدەبییەکان :**

شــارســتانیەتی ڕۆژئاوا مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، هەر لە ســەردەمی شــارســتانیەتی یۆنان و ڕۆمانیەکانەوە، خاوەن داهێنان لە ســەرجەم بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی دا، بەتایبەتیش لە بواری هونەر و بابەتە ئەدەبیەکاندا، چونکە بیرمەند و فەیلەســـوفە ڕۆژئاواییەکان ڕۆڵێکی دیارو بەرچاویان هەبووە لەسەر هەڵدان و گەشەکردنی ئەدەبیات و داهێنانە ئەدەبییەکاندا.

ئەدەب پەیوەنـدییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ کێشـــە جۆربەجۆرکـانی کۆمەڵ. گۆڕانکـارییە مێژووییەکانیش فاکتەرێکی گونجاون بۆ گۆڕانکاری لە بیر و ئایدۆلۆجیا و ســەرهەڵدانی بیری نوێ، جا لە بواری ســیاســی یا کۆمەڵایەتی یا ڕۆشــنبیری یا ئەدەب... ڕێبازەکان بەشــێکی گرنگی ئەو گۆڕانکارییەن، کە دەبنە دەربڕی ئیســتاتیکای ئەو واقیعە، هەر بۆیە قســە کردن لەســەر ئەو ڕێبازە ئەدەبیانە قســـەکردنە لەســـەر لایەنی هونەری و ئســـتاتیکی و داهێنانی ئەدەبی لای پەیڕەوکەرانی هەریەک لەو ڕێبــازانە. ڕێبــازە ئەدەبییەکـانیش وەک یەکێـک لە بەرهەمە بیرییەکـانی مێژووی مرۆڤایەتی سەرەتای دەرکەوتن و پەیدابوونیان دەگەڕێتەوە بۆ نووسەر و بیرمەندە ڕۆژئاواییەکان، هەروەها جیاکردنەوە وناونانیشـــــیان هەر دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵی داهێنەرانەی ئەوان(( بۆ یەکەمین جار تۆژەرە ڕۆژئاواییەکان ، واتە ئەدەبناس و هونەرناسە ئەوروپاییەکان بوون کە هاتن ئەو ڕێبازە ئەدەبی و ئەو قوتابخانە هونەریانەیان ـــــ هەریەکەیان بەپێی بنەما فەلســـەفی و فیکرییەکانیان و خاسـیەتە تایبەتیەکانی خۆیان ـــــ لە یەکتر جودا کردەوە و پۆلێنیان کردن)) ( ڕێبازە ئەدەبییەکان، فەرهاد پیربال، ٨)، هەڵبەت ســـەرەتای باس کردن لە هونەر و ئەدەب بەشـــێوەیەکی گشـــتی لە ســـەردەمی شـــارســـتانیەتی یۆنان و ڕۆمانەکانەوە بووە، لەو بوارەشـــدا هەریەک لە " ئەفلاتون ، ئەرســـتۆ، هۆراس ..." بە پێشـــەنگ دادەنرێن.لەســـەدەکانی ناوەراســـت بەدواوە لەلایەن بیرمەند و

فەیلەسـەف و شـاعیرکانی " ئیتالیا ، فەرەنسـا ، ئەلمانیا ، ئینگلتەرا..." زیاتر بایەخیان پێدرا و چەندین تیۆری جیا جیا و ڕێبازی یەک لە دوای یەک هاتنە ئاراوە.

لێکۆڵینەوە لە ڕێبازە ئەدەبییەکان و باس کردن لەسـەریان ڕاستەوخۆ لە دوای سـەرهەڵدانیانەوە نەبووە، بەڵکو بەشـــێکیان ماوەیەکی زۆر دوای خۆیان لێیان کۆڵراوەتەوە و بنەماکانیان دیاری کراون و ناو نراون، هەروەک ڕیبازی کلاسـیزم چەند سـەدەیەک دوای بڵاوبوونەوەی بەو ناوەوە ناونرا(( زاراوەی کلاسـیزم وەک ڕێبازێکی ئەدەبی بۆ یەکەم جار لەسـاڵی ١٨١٨ لە ئیتالیا بەکارهات و لەفەرەنسـا لە سـاڵی ١٨٢٢ )) ( المذاهب الأدبیة، د. شـــکری محمد عیاد، ١٣٨)، هەروەک چۆن کلاسـیزم و ڕۆمانسـیزم زۆر جیاوازن لەیەکتر لە ڕووی تایبەتمەندی و بیرەوە بەهەمان شـێوە لە ڕووی مێژوویشـــەوە لەیەکتر جیاوازن، ڕۆمانســـییەکان زۆرتر ئاگاداری بارودۆخی سـەرهەلدانی ڕێبـازەکە بوون، بە ئـاگاییەوە بەرەو ڕێبـازێکی تر هەنگاویـان نـاوە، کە بەتەواوی جیـاوز بێت لە کلاســـیزم، لە لایەکی ترەوە هەندێ ڕێبازی تر لەگەڵ پەیدابوونیان ناو و تایبەتمەندی ڕێبازەکە لەلایەن نووسەران و بیرمەندانەوە دیاری کراوە(( ڕێبازە ناودارەکانی وەک ریالیزم و پەرناسیزم و ڕەمزییەت و ســـوریالیزم، بەو ناوەوە هاتوونەتە بوونەوە))( هەمان ســـەرچاوە، ١٣٩)، کەواتە لێکۆلینەوە و نـاونـانی ڕێبـازە ئەدەبیەکـانیش هەر لەلایەن خودی ڕۆژئـاواییەکـانەوە بووە، دوای گەشەکردنیشیان بە هۆکاری جۆراوجۆر بە وڵاتانی تردا بڵاوبوونەتەوە .

ســـەرەتـای دەرکەوتنی ڕێبـازە ئەدەبییەکـان و گرنگی دان بە ئەدەب دەگەڕێتەوە بۆ دوای ســـەدەکانی ناوەڕاســـت، بەپێی زۆر بەی ئەو ســـەرچاوانەی باســـیان کردووە، دەرکەوتنی ڕێبازە ئەدەبییەکان دەگەڕێننەوە بۆ سـەرەتای دەرکەوتنی "ڕێنسـانس "(( ڕێنسـانس بە واتای ژیانەوە دێت، لە کۆتایی ســـەدەی چواردە لە ئیتاڵیا وەکو بزوتنەوەیەکی فیکری و ڕۆشـــنبیری ســـەریهەڵدا))( A glossary of literary terms, M.A.ABRAMS.264)، ئەم بزوتنەوە فیکری یە ســـەرەتایەک بوو بۆ گۆرانکـاری لە بیری کۆمەلگـای ئەورووپی دا، هەروەک لە پێنـاســـەیەکی تردا هـاتووە(( لە دایکبوونەوەیەکی نوێی کۆمەلگـای ئەورووپی بوو لەنـاو جەرگەی ســـەدە تـاریکەکـانی مێژووی مرۆڤایەتی، هەروەها پەی بردن بە زانســـتی نوێ و دۆزینەوەی نوێ لە بواری مرۆڤایەتی و فیکری و ئاینی و هونەری)) ( هەمان سـەرچاوە، ٢٦٤) . سـەدەکانی ناوەراسـت بەسـەرەتایەک دادەنرێن بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەدەبیات و سـەرهەڵدانی بیری نەتەوەی و سـەرەتای گۆرانکاری لە بیری مرۆڤایەتی دا، چونکە ماوەیەکی زۆر بوو ئەدەبیات و زۆربەی دیاریدە مرۆڤایەتیەکان وەک سـەرچاوەیەک بۆ داهێنان کاری بە شـێوەیەکی گشـــتی لە شـوێنی خۆیاندا وەســـتا بوون، ئەمەش بە هۆی ئەوەی ســـیســـتەمی دەســـەلاتدارانی پیاوانی ئایینی و ســـیســـتەمی دەرەبەگایەتی کۆمەڵگایان بە جۆریک لەجۆرەکان خســـتبووە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، کە زۆربەی بوارکانی ژیانی گرتبۆوە، (( ســـیســـتەمی کۆمەلایەتی و ئابووری ســـەدەکانی ناوەراســـت لەســـەر پایەی فیودالیزم ڕۆنرابوو))( ریالیزم و دژە ریالیزم لەئەدەبدا، و. حەمەکاریم عارف، ٧) ئەم دوو سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووریەش پایەیەکی ســـەرەکی کۆمەڵگان و زۆربەی گۆرانکارییەکان لەوێوە ســـەرچاوە دەگرن، هەربۆیە ســـیســـتەمی دەرەبەگایەتی پەکی بە زۆر بوار خســـتبوو، هەروەها پیاوانی ئایینی دەســـەڵاتی ئایینیان بۆ ئامانج و

مەبەســـتە تایبەتییەکانی خۆیان بەکاردەهێنا، بۆیە لەو ســـەردەمەدا ئەرکی بیرمەندانی ڕێنســـانس چاکســـازی کردن بوو لە تەواوی پێکهاتەی کۆمەڵگادا. ســـەرەتای دەرکەوتنی ئەو بزووتنەوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ بیرمەندانی ئیتاڵیا(( ئیتالیا لە کۆتایی ســـەدەکانی ناوەند ا رابەرایەتی ڕێنســـانســـی کردووە، خۆشـــی وەک مەڵبەندێکی فکری گەورە بەتایبەت شـــارەکانی لشـــبونە، رۆما، ڤینســـیا، کاریگەری گەورەیان هەبووە لە بڵاوبوونەوەی هەستی مرۆڤایەتی ))( ئەدەب وریبازەکانی ئەرووپی-کوردی، عبدالقادر حمە امین، ١٨)، هەروەها ئیتالیا مەلبەندی ســـەرهەڵدانی شـــارســـتانیەت و رۆشـــنبیری بوو، لە رووی ئابووری و پیشـــەســـازییەوە پێشـــکەوتووبوو، هەربۆیە بیرمەندانی ڕێنسـانس لەوێوە هەوڵی گۆرانکاری و رووبەرووبوونەوەی دەســەڵاتی ئەو ســەردەمەبوونەوە، کە لەدواتردا گەشەی کرد بۆ وڵاتانی تری وەک فەرەنسا و ئەڵمانیا ....

هەر لە ســەدەکانی ناوەڕاســتدا ئەدەب بەشـێوەیەکی گشـتی، کەوتبووە ژێر دەســەڵاتی کڵێســا، پیاوانی ئاینی بەجۆرێک هونەریان ئاراســتە دەکرد، کەلەگەڵ بیروبوەڕی خۆیان بگونجێ و خزمەت بە مانەوەی دەســـەڵاتیان بکات، بەمەش تەنها چینی ســـەروو هەروەها چینی خوێندەواری کۆمەڵگا لێی سودمەند بوون، چونکە نووسەر و بیرمەندەکانیش هەر ئەوانە بوون، کە لە کڵێسا و دێرەکانەوە پێدەگەیشـتن،بەشـێک لە فەیلەسـوف و نووسـەرەکان پێیان وایە (( ڕێنسـانس بەسـەر سـەدەکانی ناوەڕاســـت و بیروڕای کڵێســـە، هەوڵدانێکی مەزن بووە بۆرزگارکردنی ئادەمیزاد لەو کۆت و پێوەندانەی ئیســـتاتیکای دەرەبەگایەتی، کە لە دەســـت وپێی هونەرمەندان بەســـترا بوو)) ( ڕێبازە ئەدەبییەکان، فەرهاد پیربال، ٢٢) هەربۆیە  لە قۆناغی یەکەمی ڕێنســانس وردە وردە پەردە لەســەر ئەو بیرو باوەڕە کۆنانە هەڵماڵرا، بەتایبەت لەســـەردەمی دەرکەوتنی هیومانیســـتەکان، کە ئامانجیان گەڕانەوە بوو بۆ ئەدەبیـات و کلتوری کۆن و زینـدووکردنەوەی ئەو کلتورە، بەم شـــێوەیە بە دەرکەوتنی ڕێنسانس و گۆرانی رەوتی کۆمەڵگا، ئەدەبیش گۆڕا.

یەکێک لە دیارترین دەســـتکەوتەکانی ڕێنســـانس دەرکەتنی ڕێبازە ئەدەبییەکان بوو، کۆنترین ڕێبازێکیش، کە لەو کاتەدا سەری هەڵدا، " کلاسیزم " بوو.

کاتێ ســـەیری مێژووی ڕێبازە ئەدەبییەکانی ئەوروپا بکەین دەبینین(( کلاســـیزم بەیەکەم و کۆنترین ڕێبازی ئەدەبی دادەنرێت، کە لە ئەوروپا ســـەری هەڵداوە لە دوای دەرکەوتنی بزوتنەوەی لێکۆڵینەوەی زانســـتی، کە لەســـەدەی پـانزەی زایینی یەوە دەســـتی پێکردبوو،ئـامـانجی ئەو بزووتنەوەیەش گەڕان وپشـکنین بوو بە دوای لایەنی رۆشـنبیری و ئەدەبیاتی کۆنی  یۆنانیەکان و رۆمانیەکان))( ألمذاهب الأدبیة، محمد مندور، ٤٥)، هەڵبەت دەرکەوتنی ئەو ڕێبازە لەســـەردەســـتی بیرمەند و نووسەرەکانی ڕێنسانس و هەروەها دەرکەوتنی بزوتنەوەی هیومانستی  لەسەردەستی ( رۆنسار و دۆبیلێ ...) کاریگەرییەکی زۆریان هەبوو لە بڵابوونەوەی ئەم ڕێبازە، ئەوانە بە پێوستییان زانی کە ڕێبازێکی شـــیعری هەبێت بۆ ئەوەی نووســـەران و شـــاعیران پەیرەوی لێ بکەن (( لە ناوەراستی سـەدەی شـازدە، نووسـەران هەوڵەکانیان ڕێکخست بۆ هێنانە ئارای ڕێبازێکی ئەدەبی، ئەم ڕێبازەش کۆمەڵێ بنەما وپرەنســیپی لەخۆگرتبوو، کە تا کۆتاییەکانی ســەدەی هەژدە پەیڕەوی لێکرا))( المذاهب الأدبیة الکبری، فان تیغم، ١٩). لەبەر بوونی ئەو بنەما و پرەنســـیپانە زۆر جار لە فەرهەنگدا بەتایبەت فەرهەنگە ئینگلیزییەکان بەو شێوەیە پێناسەی کلاسیزم دەکرێت(( لەسادەترین

پێناسـەیدا کلاسـیزم ئەو شـێوازەیە، کەلەسـەر بنەمای دەسـتور، مۆد، لاسـاییکردنەوەی پێشـینان، بەرزنرخاندنی بەرهەمی نووسەرە ناودارکانی کلاسیک، دامەزراوە))( LITERARY TERMS & LITRARY THEORY. J. A. Cuddon, 139)، هەروەها سـەبارەت بە وشـەی "کلاسـیک" چەندین رای جیاواز هەیە، هەروەک دەبینین(( لەسـەدەی دووەمی زاینی دا بۆ یەکەم جار " ئولوس جلیوس" ی رۆمانی نووسـەرانی بەسـەر دوو گروپدا دابەش کرد، " نووسـەرانی کلاسـیک" و " نووسـەرانی عەوام" ، بەو نووسـەرانەی دەگووت کلاسـیک، کە بەرهەمەکانی شـیاوی موتاڵا و خوێندنەوەی چینە باڵاکانی کۆمەڵ بێت))( رێبازە ئەدەبییەکان، و. رەزا سـەید حوسـێنی،١٨) لە دواتریشـدا وەکو سـیفەتێک بۆ پۆلی خوێندن بەکارهاتووە، یا ئەو بەرهەمانەی، پێگەیەکی ئەدەبی بەرزیان هەبووایە و سیفەتێکی نەمری وەرگرتبا دەچووە خانەی ئەدەبی کلاسیکیەوە، بەپێی گۆڕانی بارودۆز و دەرکەوتنی نووسەرانی تازە و پەیرەوی کاری ئەم جۆرە ئەدەب(( لەسەدەی "هەژدە" لە رێگەی کۆمەڵێ نووسەری وەک ڤۆڵتێر و هەروەها نووسەرانی سەدەی" نۆزدە" و ئەو نووسەرانەی دژی رۆمانسیزم بوون، ئاوەڵناوی"کلاسیک" بەنووسەرانی فەرەنسی سەردەمی لویسی سێزدەهەم و لویسی چواردەهەم بەکارهێنرا))(پێشەکیەک بۆ رێبازی کلاسیک، و. رەسول سوڵتانی، ٤٩ ) بەم شـێوەیە زاراوەی کلاسـیزم چەندین قۆناغی بڕیوە تا ئەوەی وەکو رێبازێکی ئەدەبی ناسـراوە و بنەماو سیفاتەکانی چەسپیون.

گرنگی دان بە بەرهەمی یۆنانیەکان و رۆمانیەکان هەر لە کۆنەوە جێگای بایەخ بووە، هەربۆیە زۆربەی ئەو نووسـەرانەی پێناسـەی ئەم رێبازەیان کردوە، لاسـایی کردنەوە یا گرنگی دان بە ئەدەبی یۆنانی و رۆمانی دەکەن خاڵێکی دیاری پێناسـەکردنی ئەو رێبازە، بۆ وێنە(( کلاسیک بریتی یە لە لاسایی کردنەوەی ئەدەبی کۆنی یۆنانی و رۆمانی))( المذاهب الادبية، نبيل راغب، ١٤)، ئەمەش لەبەر ئەوەی لە تێڕوانینی نووسـەران و شـاعیرانی ئەو قۆناغە ئەو بەرهەمانەی ئەدەبیاتی کۆنی یۆنانی رۆمانییەکان بەرهەم و شـاکارێکی نەمرن، هەروەها بەرهەمەکانی " ئەفلاتون و ئەرسـتۆ و هۆراس"، کە لەبارەی شیعرەوەن کران بەسەرچاوەی شیعری و ئەدەبی ئەو سەردەمە.

بەم شـێوەیە کلاسـیزم بوو بەسـەرەتایەک بۆ دەرکەوتنی رێبازە ئەدەبیەکان لە نێوان سـەدەی پانزە و شـازدەی زاینی لە ئەوروپا سـەری هەڵدا، تا سـەدەی هەژدە کاریگەری هەر مابوو . لەو چەند سـەدەیەشـدا چەندین گۆڕانکاری بەسـەر بیری نووسـەران و بیرمەندانی ئەوروپا داهات، کە وای کرد جۆرە رێبازێکی تر بهێتە ئاراوە و وردە وردە بنەماکانی کلاسیزم کاڵ ببنەوە .

سـەدەی " هەژدە " بە سـەردەمی گۆڕانکاری گەورە دادەنرێت لە مێژووی ئەوروپا، سـەدەیەکە ناودەبرێت بە(( سەردەمی فەلسەفە و هۆشیاری کۆمەڵایەتی، کە بەردەوام بوو تا شۆڕشی گەورەی فەرەنسا))( المذاهب الأدبية، محمد مندور، ٥٤) ، هەروەها سـەردەمی گۆڕانکاری گرنگ و خێرا بوو، سـەردەمی گۆڕانکاری بوو لە پێکهاتەی چینەکانی کۆمەڵگا، هەروەک پەیدابوونی چینی بورجوازی، کە ئەدەب رۆڵێکی گرنگ و کاریگەری هەبوو لە هۆشـیارکردنەوەی ئەو چینە و هەروەها تێکۆشـان لەپێناو دابین کردنی خواسـتی گەل،(( لەگەل پەیدابوونی چینی بورجوازی لەسـەدەی هەژدە، نووسـەران خوێنەری تازەیان بۆ پەیدابوو، کە بەرهەمەکانیان دەخوێندنەوە و هیوایان پێ بوون، هەروەها بەهیوای ئەوەبوون، کە مافەکانیان لەو رێیەوە بەدەسـت بهێنن))( الرومناتيكيه ، محمد غنيمي هلال، ٢٧) . ئەم گۆڕانکاریانە لە مێژووی ئەوروپا قۆناغێکی نوێی ئەدەبی هێنایە کایەوە،

ئەویش ڕێبازێکی نوێی ئەدەبی ناوی( ڕۆمانسیزم) بوو،(( شۆڕشی فەرەنسا لە "١٧٨٩" و دامەزراندنی سیستەمی پەرلەمانی و جاڕنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤ، هاوزەمانی ئەمانەش شۆڕشی پیشەسازی و شۆڕشەکانی ئینگلستان، پێش ئەمانەش ئەو بزاڤە فیکرییەی، کە بەسەردەمی " ڕۆشنگەری" ناسراوە لە ئەوروپای سەدەی هەژدەهەمدا کاریگەرییەکای زۆریان هەبوو بەسەر گۆڕانی ژیانی ئەوروپا و سەرهەڵدانی بیرکردنەوەی ڕۆمانسیانە و لە کۆتاییدا دامەزراندنی ڕێبازی ڕۆمانسیزم ))( ڕێبازە ئەدەبییەکان، فەرهاد پیربال ، ٥٢)، ئەم بارودۆخە مێژوویە بووە هۆی گۆڕانی بیری مرۆڤایەتی و نووسەران و شاعیران بە جۆرێکی تر و بیرکردنەوەی نوێوە بۆ ئەدەبیان دەڕوانی، کە جیاواز بوو لە پێشووتر. ڕۆمانسیزم شۆڕشێکی نوێ بوو بەرامبەر کلاسیزم بەواتایەکی تر(( ڕۆمانسیزم لە بنەڕەت و ناوەرۆکی دا شۆڕشێک بوو بۆ ئازادکردنی ئەدەب لە ئەدەبیاتی کۆنی یۆنانی و ڕۆمانییەکان، ئازادکردنی لە تەواوی ئەو دەستور و بنەمایانەی ئەدەبی وەک ئینجیل پیشان دەدا )) ( المداهب الادبية، محمد مندور،٥٩) .

ڕۆمانسیزم وەک ڕێبازێکی ئەدەبی لە کۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدە هاتە بوون، (( بنەڕەتی وشەکە لە وشەی" romance " ی فەرەنسیەوە وەرگیراوە، کە بەواتای چیرۆکی خەیاڵی هاتووە، دواتر لەئەدەبیاتی ئینگلیزی لە سەدەی حەڤدەدا بەو بەرهەمانە وتراوە، کە لەسەر بنەمای سۆز و خەیاڵ داڕێژراون، ئەمەش جۆرێک بووە لە بەکەم سەیرکردنی ئەو جۆرە ئەدەبە، بەڵام لەسەدەی هەژدە تێڕوانینی خەڵک گۆڕا و بە چاوێکی ڕێزەوە سەیریان دەکرد، ئەمەش لەبەر ئەوەی جۆرێک لە تێڕامان لە ژیان و ورد بوونەوە لە ماناکانی جوانی و بیرێکی فەلسەفی قوڵی بەخۆوە گرت))(المذاهب الادبيه، نبيل راغب،٢٤). ڕۆمانسیزم پێناسەی زۆر و جۆراوجۆری بۆ کراوە، زۆر بەی نووسەران بەشێوازی جیاجیا پێناسەیان کردووە، لەهەمان کاتیشدا دەتوانین بڵێین(( ڕۆمانسیزم بریتی یە لەو بزووتنەوە ئەدەبی و هونەرییەی لە دوای چاکسازییە سیاسیەکان، لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە و نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم، ئەدەبی نەتەوەکانی ئەوروپا سەریهەڵدا، یاخیبوو لە بنەماکانی کلاسیزم و لە سای فەلسەفە و تێڕوانینێکی ئازاد و سۆز و ئامێز و خەیاڵاوی، بە مادەی نوێ گوزارشتی لەشتی سەردەم و نوێ کرد ))( قۆناغی پێش شیعری ڕۆمانسیزمی کوردی، ئیدریس عەبدوڵا، ٦٦) .

ڕۆمانسیزم ڕێبازێکی نوێ بوو دژ بە بنەما و خاسیەتەکانی ئەدەبیاتی کلاسیزم و بیری کۆنەخوازی سەریهەڵدا، دژی ئەو بنەما عەقڵیە بوو، کە ساڵانێک بوو دەستی بەسەر ئەدەبیات دا گرتبوو، هەربۆیە نووسەرانی ئەو سەردەمە دەیان ویست ئەدەب ئازادبکەن و لە کۆت و بەندی باوی کۆمەڵگا ڕزگاری بکەن . ئەم ڕێبازە بنەما فیکرییەکانی سەرەتا لە فەرەنسا چەکەرەی کرد، بەڵام وەک ڕێبازێکی ئەدەبی سەرەتا لە ئینگلتەرا دەرکەوت(( ڕۆمانسیزم لە ئینگلتەرا بەبڵاوبوونەوەی هۆنراوە لیریکیەکانی هەردوو شاعیر " وۆردز وۆرس و کۆلریدج " لەساڵی ١٧٩٨ دەست پێدەکات ))( هەمان سەرچاوە، ٦٧)، لەساڵانی دواتردا بەتایبەت لەسەرەتای سەدەی نۆزدە شاعیرانی تر پەرەیان بەم جۆرە ڕێبازە دا(( لە ساڵی ١٨١٠-١٨٢٥ بەرهەمەکانی بایرۆن و شیللی ئەم ڕێبازەیان گەیاندە لوتکە))( ڕێبازە ئەدەبییەکان، هیمداد حسێن، ٨٢) . هاوکاتی ئینگلتەرا لە ئەلمانیا لەسەر دەستی "برایانی شلیگڵ" ڕۆمانسیزم پەرەی سەند، لەفەرەنساش لە ژێر کاریگەری بەرهەمی شاعیرانی ئینگلیزی و ئەڵمانی گەشەی کرد، دوای ئەوەی " شاتوبریان"

بەرهەمەناودارەکانی ئینگلیزی وەرگێڕایە سـەرزمانی فەرەنسـی و هەروەها " مادام دی سـتایل" بەرهەمی ئەڵمانیەکانی وەرگێڕایە سـەرزمانی فەرەنسـی، بەمەش ڕێبازی ڕۆمانسـیزم گەیشـتە چڵەپۆپەی خۆی و لە دواتریشدا بە وڵاتانی تردا بڵاو بۆوە . سەرەتای دەرکەوتنی ڕۆمانسیزم وەک پەرچە کردارییەک وابوو بەرامبەر بە خاسـیەت و بنەماکانی کلاسـیزم و لەدواجاریشـدا لە ڕێی بەرهەمەکانی نووسـەرانەوە و ئەو تایبەتمەندییەی بە بەرهەمی نووسـەرانەوە دەرکەوت، کۆمەڵێ خاسـیەت و تایبەتمەندی خۆی وەرگرت، کە وەک ڕێباز و ڕەوتێک نووسـەرانی دواتر لەسـەری ڕۆیشتن .

سەدەی نۆزدە سەردەمی گۆڕانکاری نوێ بوو، سەردەمی سەرهەڵدانی بیر و فەلسەفەی نوێ بوو، هەروەک فەلسـەفەی " سـودگەرایی" و سـەردەمی پێشـکەوتنی زانسـت و تەکنەلۆژیا بوو، (( نیوەی دووەمی سـەدەی نۆزدە، سـەردەمی بیری سـودگەرایی و بیری زانسـتی بوو، کە تەنها جەختیان لەسەر شیکردنەوەی واقیعیانە دەکردەوە، ئەنجامەکەشی دەرکەوتنی ڕیالیزم بوو))( تأريخ الادب الاوروپی، ت. موريس جلال، ٥)بۆیە دەبینین ئەو گۆڕانکاریانە لەناو ئەدەبیشـدا ڕەنگی دایەوە و سـەردەمی ڕەشـبینی و ڕۆچوون بەناو خەیاڵی ڕۆمانتیکیانە بەسـەرچوو، هەربۆیە لەهەناوی ئەو گۆڕانکاریانەدا دوو ڕێبازی تر هاتنە ئارا، ئەوانیش ڕێبازی " پەرناسـیزم و ڕیالیزم " بوون، کە هەریەکەیان جۆرێک لە تێڕوانینی نوێی هەبوو بۆ شـیعر و گوزارشـت کردن لە بۆچوونە نوێیەکان. زۆریک لەو نووسـەرانەی باسـی ڕێبازە ئەدەبییەکان دەکەن، پێیان وایە ڕۆمانسـیزم سـەرەتایەکی نوێ بوو بۆ گۆڕانکاری لە بەرهەم و بیر و دیدی نووسـەران سـەبارەت بە نوێکردنەوەی شـیعر و مەسـەلەکانی جوانی و ئەرک و ئامانجی ئەدەب بەگشـتی، چونکە ئەو ڕێبازانەی دواتر لە ئەنجامی ئەو دنیابینیەی نووسـەرانی ڕۆمانسـیزمەوە پەیدابوو، هەروەها دژی ئەو ڕەشـبینی و خەیاڵ فراوانیەی ڕۆمانسی بوون، کە دووری خستبوونەوە لە ڕاستی و حەقیقەتی جوانییەکان(( ئیعتیرازی نامەتیقانەی ڕۆمانتیکەکان لە سـیسـتەمی نوێی کۆمەڵایەتی، ڕێچکە و ڕێبازگەلێکی ئەوتۆ دەربارەی ژیان، ڕەوتی کۆمەڵایەتی گرتەبەر، کە شـەقڵ و لایەنی خەیاڵی و نامێژوویی گرتەبەر))( ڕیالیزم و دژە ڕیالیزم لەئەدەبدا، و. حەمەکەریم عارف، ١٠٢) . بەو شێوەیە سەدەی پانزە سەرەتای گۆڕانێکی گرنگ بوو لە مێژووی ئەورووپا ئەوەش بەدەرکەوتنی ڕێبازە ئەدەبییەکان پەیرەو و بنەمایەک بۆ ئەدەب دیاری کرا، کە کۆمەڵە نووسـەر و شـاعیرێک لەچوارچێوەی هەمان بیروبۆچوون لێیان کۆبوونەوە، یەکەم ڕێبازیش کلاسـیزم بوو، لە دواتردا ڕۆمانسـیزم و لە ناوەراسـتی سـەدەی نۆزدە چەند ڕێبازێکی تری وەک ڕیالیزم و پەرناسـیزم و سـیمبولیزم و سـوریالیزم … پەیدابوون، کەهەریەکەیان سیما و تایبەتمەندی خۆی هەیە لەوی تریان جیادەکاتەوە .

### ١-٣/ ململانێی نێوان ڕێبازە ئەدەبییەکان :

ململانێ پەیوەسـتە بەژیانەوە و یەکێکە لەو چەمکانەی هەر لە سـەرەتای پەیدابوونی مرۆڤەوە هەبووە، لەگەڵ گەشـەسـەندنی شـارسـتانیەت وژیاری گەشـەی کردووە و زیاتر لەناو کۆمەڵگادا ڕەنگی داوەتەوە. زاراوەی ململانێ(conflict)( لە بنەڕەتدا وشـەیەکی لاتینیەو لە(configere) وەرگیراوە، ئەم زاراوەیە مانای دۆخێکی گرفتاوی دەگەیەنێت، کە بەهۆی دوو تێڕوانینی ناکۆک یا



دوو بەرژەوەندی دژ بەیەک یا دوو ئامانجی لێک جیاواز لە لای مرۆڤێک یا دوو مرۆڤدا دروست دەبێت)( سەرکەوت عومەر، ململانێی کەسێتیەکان،٨)

ئەم چەمکە یەکێکە لەچەمکە سەرەکیەکانی کۆمەڵناسی و زیاتر لەگەڵ گەشەسەندنی کۆمەڵگاو پەیدابوونی هەستی تاکایەتی ئەمیش زیاتر خۆی چەسپاندووە و دواتر بووە بەبابەتی لێکۆڵینەوە ئەگەر نا وەک دیاردەیەک هەر لەسەرەتای دروستبوونی مرۆڤەوە بوونی هەبووە هەروەک ململانێی(هابیل )و(قابیل)یان ململانیی هێزی چاکە و خراپە، هەروەها لەناو ئەفسانەی یۆنانیشدا لەنیوان خواوەندەکاندا ململانێ هەبووە . کۆمەڵگاش بەردەوام لە ململانێ دایە بۆمنەوە و پاراستنی بەهاکانی ژیانی مرۆڤایەتی، دەشێ ئەو ململانێیەش لە ئەنجامی ئامانج و بەرژەوەندییە جیاوازەکانەوە سەرهەڵبدات لە نێوان بیروبۆچوونەکانی خودی مرۆڤ خۆیدا، کە ئەمە بە "ململانێی ناوەکی" ناودەبرێت و یا لە نێوان دوو مرۆڤ یا یا دوو لایەنی جیاواز دروست دەبێت، ئەمەش بە" ململانێی دەرەکی" ناودەبرێت. ململانێ تەنها پەیوەست نیە بە مرۆڤ بەڵکو لە نێو گیاندارانیش هەستی پێدەکرێت، یا زۆر جار لە نێوان رەوت رێبازە ئایینی و مێژووی و ئەدەبییەکانیش دا دروست دەبێت. " کارل مانهایم" پێی وایە (( ململانێی کۆمەلایەتی لە چوارچێوەی گۆرانی کۆمەڵگا و بابەتی کۆمەلایەتییەوە دەسورێتەوە، ئەم گۆرانکارییەش لە ئەنجامی کێشمەکێشم و ململانێکانەوە لە نێوان چینە جیاوازەکان ونەوە یەک لەدوای یەکەکان و لایەنەسیاسی و هەروەها رەوتە دینییەکان روودەدات))( العولمە فی ضوء نظرية الصراع الاجتماعی، امیر خداکرم،٢٢). ململانێ وەک دیاریدەیەکی مرۆڤایەتی پەیوەستە بە ژیان و ئەو گۆرانکاریانەی لە کۆمەڵدا روودەدەن، رێبازە ئەدەبییەکانیش وەک دیاریدەیەکی هونەری و ئەدەبی دەستکەوتی قۆناغە یەک لە دوای یەکەکانی گەشەسەندنی بیری مرۆڤایەتین، هەر رێبازێک، کە دێتە ئاراوە لە سەرەتادا لە ئەنجامی ئەو جیاوازیەوەیە، کە لەنێوان بیرورای نووسەران و شاعیران پەیدا دەبێت، دواتر سەردەکێشێت بۆ بۆچوونی جیاوازتر و گۆران و هاتنە ناوەوەی بیری نوێ، زۆرجاریش سەردەکێشێت بۆ داهێنانی ئەدەبی .

یەکەم رێبازی ئەدەبی کە بەناوی "کلاسیک" دامەزرا لەسەر چەند بنەما و بۆچوونێک بوو، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو بارودۆخەی ئەو رێبازەی تێدا پەیدابوو، هەر لە سەرەتای سەدەی " پانزە" تا سەرەتای سەدەی "نۆزدە" ش قسەی زۆری لەسەر دەکرا و نووسەران بەشێوەی جیاجیا بە پێی سەردەم بابەت و بیری نوێیان بۆ زیاد دەکرد، واتە کلاسیزم هەر لەسەرەتای پەیدابوونیەوە لەسەر کۆمەڵێ بنەما وپرنسیپ دامەزرابوو، کە تا قۆناغێکی دوورو درێژ جێگای مشتومڕی نووسەران بوو، بەتایبەت لە مەسەلەی ( جوانی و چێژی شیعری و حەقیقەت ولاسایی کردنەوەی سروشت و لاسایی کردنەوەی ئەدەبیاتی پێشینان) ئەمانە بابەت گەلێکن، کە لە دواتردا زۆربەی رێبازەکان لە ئەنجامی ناکۆک بوون لەسەر هەر یەک لەوانە پەیدابوون، لێرەدا بەکورتی باس لەو بابەتانە دەکەین .

لە ئەدەبیاتی کلاسیک دا " عەقڵ " رەگەزێکی بنچینەییە بۆ گەیشتن بە راستی، هەروەها لەسەر بنەمای فەلسەفەی " عەقڵگەرایی" دامەزرابوو، کە" دیکارت " و فەیلەسوفانی رێنسانس دایانهێنا، ئەوان پێینا وایە(( عەقڵ بناغەی فەلسەفەی جوانییە، لە داهێنانی کلاسیک دا، چونکە لای ئەوان عەقڵ

تیشکدانەوەی راستییە، راستیش لەهەموو سەردەمێکدا نەگۆڕو یەکسانە و بەردەوام دەمێنێتەوە))( رێبازە ئەدەبییەکان، فەرهاد پیربال، ٣١)، ئەم بۆچونەی کلاســـیکیەکان تا ماوەیەک بەردەوام بوو، نوسەرانی کلاسیک بەردەوام بەرگرییان لێ دەکرد، بەتایبەت " بوالۆ" رەخنەگری فەرەنسی لە کتێبی " هونەری شیعر" دا باس لە گرنگی دان بە هۆش دەکات و دەڵێت((هەمیشە بەتەنگ هۆشـەوە بن ، با تەنها لەئەوەوە هەرچی جوانییە وەری بگرن))( هەمان ســـەرچاوە، ٤١) گرنگی دان بە عەقڵ وەک بنەمایەکی کلاسیکی و بەستنەوەی بەجوانی و چێژی شیعری تا سەرهەڵدانی بیرە فەلسەفییەکانیی " کانت" بەردەوام بوو، چونکە "کانت" کۆمەڵێ بیروڕای نوێی هێنایە کایەوە، کە بۆ ســـەدەی هەژدە شتێکی نوێ بوو، ئەو پێی وابوو(( جوانی ئەو شتەیە، کە بەبێ تێگەیشتنی عەقڵی پێمان خۆش بێت، بۆ سەلماندنی جوانی پێویست ناکا پەنا ببەینە بەر بەڵگەی عەقڵی، چونکە حوکمی چەشە پەیوەندی بەدەســـتور و یاســـای عەقڵییەوە نیە)) ( هەمان ســـەرچاوە، ٥٤) لێرەوە عەقڵگەرایی رەتکرایەوە و گرنگی درا بە هەســـت و ســـۆزی تاکەکەســـی، بەلای کلاســـیکەکانەوە هۆش ســـەرچاوەی ئیلهامی شـــیعری بوو، بەڵام رۆمانســـیەکان جڵەویان دایە دەســـت هەســـت و ســـۆز، پێیان وابوو(( دڵ سەرچاوەی ئیلهامی شیعرە))( رێبازی رۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردی دا، ٢٢) . هەروەها کلاسیکەکان بۆیە پشـــتیان بەعەقڵ و مەنتیق دەبەســـت چونکە لە حەقیقەتدا جوانییەکی نەگۆڕ و چەســـپاو هەیە، لەکاتێکدا بەگۆڕانی قۆناغ تاکەکانی کۆمەڵگاش دەگۆڕێن، بەڵام رۆمانسیزمەکان بە پێچەوانەی ئەوان مەسەلەی جوانیان بەستەوە بە چێژی تاکەکەس،بەلای رۆمانسییەکانەوە(( دەبێت حەقیقەت سۆزی مرۆڤایەتی تێدا بێت))( ئیســـتاتیکای دەقی شـــیعری کوردی، جەبار ئەحمەد حســـین، ٦١) بۆیە رۆمانسیەکان مەسەلەی جوانیان وەک بەهایەکی رێژەیی دەرخست، ئەم بیروڕاجیاییە لەمەسەلەی "جوانی ، عەقڵ ، چێژ " وای کرد رۆمانســـیزم وەک رێبازێکی ســـەربەخۆ و جیاواز لە کلاســـیزم دەربکەوێت. دوا بەدوای چەسپانی رۆمانسیزم، لە ســـەرەتای سـەدەی نۆزدە بەهۆی پێشـکەوتنی زانســـت و ســـەرهەڵدانی بیری رەخنەیی نوێ، جۆرێکی تر لە تێڕوانین بۆ چەمکی شـیعر و ئەدەب هاتەکایەوە، لە دوای روخانی ناپلیۆن لە فەرەنســـا، بارودۆخێکی نەخوازراو لە فەرەنســـا ســـەری هەڵدا،نووســـەرانیش لە رێی ئەدەبەوە دەیان ویســـت کۆتایی پێبهێنن و گۆڕانکاری لە وڵاتدا بکەن، بەتـایبەتیش ئەو نووســـەرانەی هەڵگری بیروبـاوەڕێکی کۆمەڵایەتی بوون، روویـان لە کێشـــەکۆمەڵایەتییەکانی خەڵک کرد و لەبەرهەمەکانیاندا رەنگی دایەوە، هەروەک بەشـــێکی زۆری نووســـەرانی رۆمانتســـیزم، لەخەو و خەیاڵدا دەژیان و لە خەڵکی ئاســـایی دوور کەوتبوونەوە، بۆیە لەو قۆناغەدا(( ریـالیزم وەک پەرچەکردارێکی رۆمـانســـیەت هـاتە ئاراوە))(ریـالیزم لە شـــیعری هاوچەرخی کوردی دا، عەباس محەمەد قادر، ١٣)، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو بیروبۆچونە نوێیانەوە بوو، کە وردە وردە دەکەوتنە بەرباس، ئەمەش پێچەوانەی بیروڕاکانی رۆمانسیزم بوون، هەروەک(( ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی و رەوشـــتی ریالیزم ، بە پێچەوانەی ناوەرۆکی رۆمانســـیزمەوە بوو. واتە رەفزی هەڵاتنی لەدەســـت واقیع دەکرد بەرەو ناوخۆیی و ناکەســـێتی دەچوو. لە خرۆش دوور دەکەوێتەوەو رێی ئیجابیەتی دەگرتە بەر. تەنها بەوە وازی نەدەهێنا، کە واقیع بناســـێت، بەڵکو دەیویســـت واقیع بگۆڕێت))(فەلســـەفەی جوانی و هونەر، کەمال میراودەلی،٢٧٦)، کەواتە ریالیزم ئەگەرچی واقیعی وەک خۆی پیشـــان دەدا، لەهەمان کاتدا هەوڵی گۆڕانکاری ئەو واقیعەشـــی دەدا. ریالیزم ئەدەبی بارگاوی کرد، بەوەی ئەدەب ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیشـــی وەرگرت،بەوەی



ئەدەبێت هەڵگری پەیام بێت، بۆ ئەوەی سود بگەیەنێت. ریالیزمەکان تێروانینیان بۆ مەسەلەی جوانی جیاواز بوو، دژی رۆمانتیکەکان بوون، ئەوان جوانیان دەبەستەوە بە کۆمەڵەوە، بەلای ئەوانەوە (( مرۆڤ یەکەیەکی سەربەخۆ نیە، بەڵکو وای لێ دەڕوانی ، کە مرۆڤ و ژیان پێکەوە بەستراون و هەریەکەیان بە ئەوی تر دەبەسترێنەوە، لە رووی جوانکارییەوە مرۆڤ وەک تاک وەرناگرێت، بەڵکو وەک تاکێکی ناو کۆمەڵ لێی دەروانێت))( ریالیزم لە شیعری هاوجەرخی کوردی، عەباس محەمەد قادر، ٢١)بۆیە دژی ئەو تاکگەراییە وەستایەوە، کە رۆمانسیزمی لەسەر بنیات نرابوو.

ئەم ململانێی نێوان رێبازەکان لە لایەک بووە هۆی دەرکەوتنی رێبازی ئەدەبی نوێ، لە لایەکی تر بووە هۆی دەوڵەمەند کردنی بیری نووسەران و داهێنانی ئەدەبی، ئەمەش بەپێی قۆناغە جیاوازەکان دەرکەوتەی ئەرێنی زیاتری لێکەوتۆتەوە، هەروەک دەرکەوتنی پەرناسیزم و دواتر سیمبولیزم و سوریالیزم و چەندین رێبازی تری رەخنەیی، کە لێرەدا بەو ململانێی نێوان ئەو سێ رێبازە کۆتایی پێ دەهێنین.

### ١-٤// ئەدەبی کوردی و رێبازە ئەدەبییەکان :

ئەدەبی نووسراوی کوردی جیاواز لە میللەتانی تر، گەلێک قۆناغ و سەردەمی جیاجیای بڕیوە، کە وای کردووە، تایبەتمەندی و مۆرکی نەتەوەیی پێوە دیار بێت. ئەدەبی کوردیش وەک زۆربەی میللەتانی تر بە شیعر دەستی پێکردووە، لەلایەکی تر مێژووی زمان و ئەدەبی کوردی بەهۆی دابەش بوونی سنوری جوگرافی و دەسەڵاتی سیاسی و ئەو بارودۆخە مێژووییەی پێیدا تێپەڕیوە، لە چوارچێوەی دیالێکتەکاندا گەلێک گەشەسەندن و سستی بەخۆوە بینیوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان بەجێهێشتووە، بەتایبەت لە بواری ئەدەبیاتدا، هەربۆیە ئەدەبیاتی کوردی خاوەن ئەدەبێکی مەزن و چەندین شاکاری ئەدەبی و نمونەی بەرزی نووسەر و شاعیرە، کە تا ئێستاش بەردەوامی هەیە، ئەدەبی کۆنی نووسراوی کوردی بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەست دایە بە بەرهەمەکانی " باباتاهیری هەمەدانی" دەست پێدەکات(( باباتاهیری هەمەدانی ٩٣٥-١٠١٠ کۆنترین شاعیری کوردە، کە شیعری پتەوی لەسەر رێبازێکی تایبەت بەخۆی نووسیوە))( شێوازی شیعری کلاسیکی کوردی، محمد نوری عومەر کاکی، ٤١). لەئەدەبیاتی کوردی دا بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەست دان، ئەدەبی کلاسیزمی کوردی بە پێی گەشەسەندن و دەرکەوتنی دیالێکتە کوردییەکان پەرەی سەندووە، چونکە لەهەر سەردەمێکدا هەر دیالێکتێک بە پێی گەشەسەندنی میرنشینە کوردییەکان پەرەیان سەندووە و هەر میرنشینێکیش دیالێکتێک بۆتە زمانی فەرمی و ئەدەبی ئەو میرنشینە، بۆیە ئەدەبیاتەکەشی بەو دیالێکتە پەرەی سەندووە و نمونەی بەرزی پێ تۆمارکراوە(( شیعری بابا تایەر و بە کوردی نووسینی ئەو سەردەمە هەوڵ و کۆششی ئەو میرنشینانەیە، کە پاش دەوڵەتی یەکگرتوی مسوڵمانان پەیدابوون و هەوڵی ئەوەیان دەدا، کە زمانە کۆنەکەی خۆیان بکەنەوە بە زمانی ئەدەبیات و زمانی رەسمی نووسین و کاروبار. لە پاش بابە تاهیر بەچەند سەدەیەک هەندێ شاعیری کوردی بەناوبانگ لە ناوچەی سەرودا سەریان هەڵدا، دیالێکتی کرمانجی سەروو، بەشە دیالێکتی بۆتانیان کرد بە زمانی شیعری خۆیان، لەو شاعیرانەی بەم دیالێکتە شیعریان نووسیوە؛ مەلای جزیری، عەلی حەریری، فەقێ تەیران، ئەمانە لەسەدەی پانزە هاتوونەتە ناوەوە، ئینجا ئەحمەدی خانی لەسەدەی حەڤدەهەم بە "مەم وزین

" هکەی لاپەڕەی مێژووی ئەدەبی کوردی رەنگین کرد))( هەمان ســەرچاوە، ٤١). هەروەها جگە لە دیالێکتی کرمانجی ســەروو، هەر لەســەدەی حەڤدە بەدیالێکتی " گۆران" یش چەندین نمونەی دیارو بەرچاومان هەیەلەوانە" بێســارانی ، خانای قوبادی ، مەولەوی...." چەندین نمونەی تر، لەســەدەی هەژدە دا رەوتێکی نوێی ئەدەبی پەیدابوو، ئەویش بە قوتابخانەی شیعری "بابان" ناودەبرێت، لەسەر دەستی " نالی و سالم و کوردی" کە تا ساڵانی بەر لەجەنگی جیهانی یەکەم کاریگەری هەر مابوو(( کلاســیزمی کوردی لەســەدەی نۆزدەدا ئاراســتەیەکی تری وەرگرت و وەک قوتابخانەیەکی ئەدەبی خاوەن رێســا ناســرا))(ئەدەب و رێبازەکانی ئەوروپی-کوردی،عبدالقادر حمە امین، ٣٨) هەر بۆیە بەشــێک لە نووســەران و لێکۆڵەران ئەدەبیاتی کلاســیزمی کوردی بەو جۆرە پێناســە دەکەن: ئەدەبیاتی کلاســیزم بەو بەرهەمانە دەوترێت، کەلەســەرەتای ئەدەبی نووســراوی کوردی دەست پێدەکات و تاسەرەتای سەدەی بیست دەخایەنێت . ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی خاوەن خاسیەت و تایبەتمەندی خۆیەتی، کە جیای دەکاتەوە لە ئەدەبی کلاســیکی جیهانی و ئەدەبی کلاســیکی وڵاتانی دراوســی، هەروەک بەکارهێنانی کێشــی عەروزی عەرەبی، یەکیەتی ســەروا، بوونی قاڵبی جیاوازی شیعری وەک "غەزەل، قەسیدە، چوارخشتەکی...."، گرنگی دان بەبابەتەکانی رەوانبێژی، بەکارهێنانی وشــەی بێگانە بەتایبەت فارســی و عەرەبی و تورکی.. ئەمانە دیارترین ئەو ســیمایانەی شــیعری کلاسیکی کوردین .

لە کۆتایی ســەدەی نۆزدە و ســەرەتای ســەدەی بیســت بارودۆخی مێژوویی و جوگرافی و ســیاســی و ئابووری زۆربەی وڵاتانی جیهان رووبەڕوی گۆڕانکاری گەورە ببوونەوە، بەتایبەت کوردســتان لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم دابەشــی چوار پارچە کرا، کە کاریگەری زۆری هەبوولەســەر گۆرانی رەوتی کۆمەڵگا، هەروەها بووە هۆی ئەوەی کورد جارێکی تر لە ژێر دەســەڵاتی بێگانە تووشــی چەوســانەوە ببێت و لەمافەکانی خۆی بێبەش ببێت(( نەتەوەی کورد لەســەرەتای ســەدەی بیســتەم دا دووچاری دوو دەردی کوشــندە ببوو، یەکەمیان وەک زۆربەی نەتەوەکانی رۆژهەڵات لە ژێر رژێمی چینایەتی و دەرەبەگایەتی دا دەچەوســایەوە، دووەم لەهەموو مافێکی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی بێبەش کرابوو))(ریبازی رۆمانتیکی کوردی، خورشید رەشید، ٥٤)، ئەم بارودۆخە مێژوویی و سیاسی یە جەوێکی وای دروست کردبوو، هەستی نیشتیمان پەروەری و دڵســۆزی شــاعیرانی کورد بجوڵێت و بەرهەمە ئەدەبیەکانیشــیان رەنگدەرەوەی ئەو بارودۆخەبوون، بەمەش خەڵکیان هۆشــیاردەکردەوە و هەروەها لایەنێکی گرنگی ئەو قۆناغە ئەوەبوو لە ژێر رۆشــانیی ئەو گۆڕانکاریانەدا جۆرە ئەدەبێکی نوێ هاتە ئاراوە، کە تارادەیەک جیاواز بوو لە قۆناغەکانی پێشــووتر، ئەم قۆناغەش ناونرا" رۆمانســیزم". دیارترین شــاعیرانی ئەو قۆناغەش بریتی بوون لە" پیرەمێرد، شــێخ نوری شــێخ ســاڵح، گۆران ، زێوەر.... . شــاعیرانی ئەو قۆناغە داوایان دەکرد شــاعیران واز لە کێشــی شــیعری کلاســیکی بهێنن و بگەڕێنەوە بۆ کێشــی پەنجەی خۆماڵی، هەروەها دەرکەوتنی ژانری ئەدەبی نوێ وەک وتار، چیرۆک..... .

ســەدەی بیســت لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردی دا، مێژووی دەرکەوتنی زۆربەی رێبازە ئەدەبیەکانە، جگە لە کلاســیزم، کە تەنها ئەو رێبازە لە پێش ســەدەی بیســت ســەری هەڵداوە و بەهاتنی کۆتایی هاتووە . لە دوای رۆمانســیزم لە ئەدەبی کوردی دا رێبازێکی تر ســەرهەڵدەدات ئەویش" ریالیزم" ە . لە دوای ســاڵانی ســیەکانی ســەدەی بیســت و لەدوای ســەرهەڵدانی جەنگی

دووەمی جیهانی کۆمەڵی گۆرانکاری خێرا و دیار روویان دا، کە ناوچەکانی کوردستانیشی گرتەوە، ئەم بارودۆخە لەناو ئەدەبیاتیشـــــدا رەنگی دایەوە، بەتایبەت لەناو چیرۆکەکانی ئەو قۆناغەدا، کە ناوەرۆکێکی ریالیزمیانەی لەخۆگرتبوو، بەشێک لە لێکۆڵەران چیرۆکەکانی ساڵانی بیستەکان دەکەنە ســـەرەتایەک بۆ دەرکەوتنی ریالیزم، هەروەک پێیان وایە((چیرۆکەکانی ســـاڵانی بیســـتەکان، کە بەســاڵانی دەســتپێکردنی چیرۆکی هونەری دادەنرێت، باشــترین بەڵگەیە، ناوەرۆکی ئەو چیرۆکانە ناوەرۆکێکی ریالیزمییانە بووە، لە کێشـــە کۆمەڵایەتییەکان دواون، کەموکورتییەکانی ناو کۆمەلیان خســتۆتە روو، بەگژ دەســـەڵات دا چونەتەوە و رەخنەیان لێگرتووە، ئەمانە ســـەرەتایەک بوون لە لەدایک بوونی چیرۆکی هونەری کوردی و ســـــەرهەڵدانی زۆرتری ریالیزمی فۆتۆگرافی و رێبازی ریالیزمیش لەئەدەبی کوردی دا، بەتایبەت ریالیزمی رەخنەگرانە، کە دواتر لە شـــیعریشـــدا رەنگی دایەوە))( ریالیزم لە شیعری هاوچەرخی کوردی دا، عەباس محەمەد قادر، ٦٠) .

بەم جۆرە بەهۆی ئەو گۆرانکارییە یەک لەدوای یەکانەی لەناوچەکانی کوردســـتان دا روویان دا، هەروەها پێشـــکەوتنی کۆمەڵگای کوردی لە رووی خوێندەواری و هۆشـــیاری ســـیاســـی و کۆمەڵایەتی و داهاتنی چاپ و چاپخانە و بڵاوبوونەوەی گۆڤار و رۆژنامە و کتێبی نووســـەران و دیوانی شاعیران و پێشکەوتنی رەخنە و لێکۆڵینەوەی کوردی و هەروەها کرانەوەی کۆمەڵگا بەرەو رووی گۆڕانکارییە جیهانی و ناوخۆییەکان....ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی شـــاعیران و نووســـەرانی کوردیش هەریەک لەو رێبازانە لەناو ئەدەبی کوردی دا رەنگ پێبدەنەوە و ســـیماو تایبەتمەندی ئەدەبەکەش بپارێزن، هەروەک پەرناسیزم و سیمبولیزم و سوریالیزم....

**دڵدار لە کایەی رێبازە ئەدەبییەکان :**

**٢-١// دڵدار لەمەیدانی ئەدەب دا**

لە ســـەرەتای ســـەدەی بیســـت دا لەگەڵ دەرکەوتنی بیری نوێگەری و ئەو گۆڕانکاریانەی بەســـەر بارودۆخی کوردســـتان دا هاتن، ئەدەبیش وەک بوارێک لە بوارەکانی ژیان گۆڕانکاری بەسـەردا هات، لەو شـێوە باوەیدا نەمایەوە، هەروەها هەر لەو قۆناغەشـدا چەندین شـاعیری دیار و بە ئەزموون، لە نێوەندی ئەو گۆڕانکاریانەدا هەڵکەوتن، یەکێک لەو شـــاعیر و نووســـەرانەش " یونسـی کوڕی مەلا رەئوفی کوڕی مەلامەحمود ئەفەندی کوڕی مەلاسـەعیدی خادیمولسـەجادە"، لە ســـاڵی ١٩١٨ لەدایک بووە، بە " دڵدار"ناســـراوە( دڵدار شـــاعیری شـــۆڕشـــگێڕی کورد، عبدالخالق علاءالدین، ١٣) .شـــاعیر لە بواری رۆشـــنبیری و فیکری رۆڵێکی چالاک و کاریگەری هەبووە، ئاگاداری ئەو جموجۆڵ و چالاکیانەبووە، کە لەو سـەردەمەدا هەبوون، ئەمەش بەهەوڵی خۆی بووە بۆئەوەی ئاگاداری بارودۆخ بێت و لە رووداوەکانی رۆژ دانەبڕێت(( شاعیر زۆری دەخوێندەوە، لەو رۆشـــنبیرانە بوو، کە خۆیان خۆیانیان فێردەکرد، چونکە لەو ســـەردەمەدا دامودەزگای ئەدەبی لە وڵات دا نەبوو، پیشـــەی پارێزەریش بۆ دڵدار هۆیەکی گەورە بووە، کە بچێتە ناو بنج و بناوانی ژیانی هەرانەوە))( مێژووی ئەدەبی کوردی،د.مارف خەزنەدار، ٥٣٨) لەبەر ئەوە دڵدار تەنها شـــاعیر نەبووە، بەڵکو پارێزەریش بووە، هەروەک چۆن بەشـــێک لە شـــاعیرانی کۆن مەلا بوون،بەڵام لەو قۆناغەدا بەهۆی بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و بوونی قوتابخانە، هۆکارێکی کاریگەر بوون بۆ بڵاوبوونەوەی رۆشـنبیری و هۆشـیاری لەنێو تاکی کوردی دا، ئەمەش وای کرد بیری گۆڕانکاری

پەرەبســـــەنێت و خیراتر بڵاوببێتەوە و زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگاش بگرێتەوە، دڵدار هەر لەســــەرەتای تەمەنییەوە ئارەزووی خوێندن و خوێندەواری لە مێشــــکی دا دەچەســــپیت،هەر زوو دەچێتە بەر خوێندن، هەروەک خۆی لە ژیاننامەکەیدا ئاماژەی پێکردوە و دەڵیت(( مەحمودی ئامۆزام لە مەکتەب بوو وە بۆی ئەگێڕامەوە، مەکتەب چەند خۆشــــە، چۆن یاری ئەکەن و تەعلیم دەکەن- ریازە- بەڕاســتی زۆر شــەوقم چووە ســەرخوێندن، کە مەکتەب کرایەوە دەســتم کرد بە گریان کە لازمە بچم بۆ مەکتەب، دایکم دەستی گرتم و بردمییە ماڵی" عبدالخالق قوتب" ......لە ساڵی ١٩٢٧ لە عومری ٩ ساڵاندا بووم کە لە دوای عبدالخالق ئەفەندی دەرۆشتم وە لە حەوشەی مەکتەب دەســــتی گرتم بردمییە لای مودیر ناوی"عبدالرحمن ئەفەندی" بە تەلەبەیی قەیدی کردم ))(دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد،١٩)لە تەواوی ژیاننامەکەشی دا باس لە چۆنیەتی خوێندن و سەرەتای خویندنەوە و رۆشــنبیر بوونی دەکات، ئەو رووداوانەشــــی کە لەدەوروبەریدا روویان داوە زۆرتر چاوی شاعیرانەیان کردۆتەوە، هەر لەبەر ئەمەشە لە تەمەنێکی زووەوە دەستی بەشیعر نووسین کردووە، لەســــەرەتای ســـییەکاندا بیری دڵدار گۆڕانی بەســــەردادێت و دەچێتە قۆناغێکی نوێی ژیانییەوە، کە لە رووی مەعریفی و رۆشــنبیری یەوە زیاتر پەرەدەســێنێت، هەروەک خۆی باســی دەکات(( ئێســتا من لە ســاڵی ١٩٣٣م ســنفی پێنجی ئیپتیدائیم، لەم ســاڵەدا مەجرای ژیانم گۆڕا، لە دەوری منداڵی هاتمە دەورێکی تر کە ئیتزانێکم پێ وەرگرتبوو لەم ســاڵەدا دەســتم پێکرد بە وردی دیوانی حاجی قادری کۆیی موتالەعە بکەم بەڵکو شیعرەکانیم ئەغلەب لەبەرکردبوو، دیسان مام کە زۆر بە وردی گویلە گوێ لە شــیعرو قەســائیدی شــاعیرانی کۆی وەکو" عەونی ، راجی ، عاســی ، حسێنی" رابگرم و لەبەریان بکەم، بەمەش ئیکتیفام نەدەکرد هەر شیعرێکی کوردیم بکەوتایە بەرچاو ئەمنوســــی یەوەو لەبەرم دەکرد تا ئەغلەب شـــیعرەکانی "وەفایی، بێ کەس ، زێوەر ، پیرەمێرد" م لەبەرکرد، زۆرم لاخۆش بوو، کە بەیادیان حەمە رەش و غەریب موســـــتەفا لە مەکتەب ئەهاتنە دەرەوەو بەحەماسەوە شیعری " ئەی وەتەن مەفتونی تۆم" ی بێ کەسیان ئەخوێندەوە لەم ساڵەدا بەرە بەرە هەستم بە خۆم دەکرد لەزەت لە شیعر وەرئەگرم بەڵکو زۆرم لا خۆشە))( دڵدار شاعیری شــۆڕشــگێڕی کورد،٤٣) . بەم شــێوەیە ژیانی خوێندەواری دڵدار گەشــەدەکات و بەرەو هەڵکشــان دەچێت، بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە لە رێی خوێندەنەوە و هاورێیەتی ونزیکی لەو کەســــانەی تینوی بیری کوردایەتی بوون پەرە بە تواناکانی خۆی بدات، تا ئەوەی لە رێی بزاوتنی هەســــتی نیشتمانی و سیاسی یەوە وردە وردە بەشداری پارت و رێکخراوەکانی سەردەمەکەی خۆی دەکات، دیارترینیان "حیزبی هیوا، حزب التحرر الوطني " بوو، کە دڵدار رۆڵێکی چالاکی تێدا گێڕا . دڵدار لە ژیانی رۆشنبیری و نەتەوایەتی خۆی دا لە رێی شیعرەکانیەوە هەوڵی دا کۆمەڵ هۆشیاربکاتەوە لە پێناو بەدیهێنانی خواستەکانیان، هەروەک(( لە سییەکاندا وەکو هەڵبەستەوانێکی شۆڕشگێڕ هەوڵی هۆشیارکردنەوەی لاوان و خەڵکی کوردستانی داوە پاڵی پێوەناون بۆ خەبات و تێکۆشان لە پێناوی هێنانەکایەی رژێمێکی دیموکراســــی گەلی))( ئەدەبیاتی کلاســــیکی و نوێخوازی کوردی، د.کەمال مەعروف، ٢١٨) . دڵدار هەر لەســــەرتای لاوێتیەوە دەســــت بە شــیعر لەبەرکردن دەکات و لەویوە چێژی شیعری لەلا دەبزوێت، هەر ئەمەش وای لێدەکات دەست بە نووسینی شیعر بکات و ئەسپی خۆی لەو مەیدانەدا تاوبدات، یەکەم بەرهەمی شــیعریشــی لە گۆڤارەکانی ئەوکاتەدا بڵاو دەکاتەوە و لەوێوە تێکەڵ بەدنیای رۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ئەو قۆناغە ئاشــنا دەبێت(( دڵدار یەکەمین شــیعری

له سـاڵی ١٩٣٥ داناوه و له ژماره ٢ی گۆڤاری رووناکی لەشـاری هەولێربڵاوکردۆتەوە))( کاروانی شـیعری نوێی کوردی، کاکەی فەلاح، ١٠٠) بەوپێیەش بێت دڵدار هێشـتا لەقۆناغی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی بووه دەسـتی بە شـیعر نووسـین کردوه، له دوای ئەوەش بە دەرچوونی گۆڤاری " گەلاوێژ " رۆڵێکی باش دەبینێت له بڵاوکردنەوەی بابەت و شـیعرەکانی، کە کاریگەری لە دوای خۆی بەجێ دەمێنێت .

دڵدار لەمەیدانی شیعرنووسین دا لەگەڵ ئەوەی تەمەنێکی کورت ژیا، بەڵام خاوەن ئەزموونێکی شـیعری دیارە، " د. مارف خەزنەدار" لەبارەی شـیعرەکانیەوە دەڵێت(( دڵدار نمونەی تاقیکردنەوەی شـیعری تازەی کوردی یە، بەهەموو لقەکانییەوە،ئەم شـاعیرە لەسـەردەمێکدا خۆی ناسـی، کە" شـیعری نوێ" ی کوردی لەناوەوە بوو))( مێژووی ئەدەبی کوردی، دمارف خەزنەدار، ٥٣٩) . هەروەها " رەفیق حیلمی" لەبارەی شـیعرەکانی دڵدار بەو جۆرە دەدوێت(( دڵدار بە لای ئێمەوە شـاعیرێکە زۆر باڵا، ئەگەر لە هەندێ شـیعریا ناپوختەیی هەبی، بەهای شـاعیریەتی پی ناشـکێ))( شـیعرو ئەدەبیاتی کوردی، رەفیق حیلمی، ١٢٣)، هەر لە روانگەی ئەو شـیعرانەی کە نووسـیونی و بڵاوی کردوونەتەوە، هەستێکی بەرزی کوردایەتی و نیشتیمان پەروەری و دنیا بینی و جیهان بینی شاعیر دەردەکەون. هەروەها لە سەرەتا دا سروشت سەرچاوە و ئیلهام بەخشی شیعرەکانی بووە، هەروەک(( یەکەم جار لە " رانیە" لە بەرامبەر سـەرچاوەی پیرۆزی رەنگی ئاوی " قولە" روحی شـاعیریەتی بزووتووە))( هەمان سـەرچاوە، ١٢٣)، هەروەها بەو پێیەی لە یاداشـتەکانی ژیانی دا ئاماژەی پێکردووە، " رانیە" و سەرچاوەی ئاوی" قولە" دیمەنێکی دڵرفێن و خۆشی بە دڵداربەخشیوە و سـەرچاوەی ئیلهامی شـیعرەکانی بووە، هەربۆیە وەک زۆربەی شـاعیرەکانی تر ، وەسـفی سـروشـتی کوردسـتان و دیمەنی جوانی کوردسـتان بە جوانی بە شـیعرەکانیەوە دیارە،کە ئەمەش لەرێی ئەو کاریگەریەوە بووە، کە کاری لە شـاعیر کردووە، هەروەک لە شـیعری" کوردسـتان" دیمەنی جوانی کوردستان تیکەڵ بەهەستی نیشتمانی و کوردایەتی خۆی دەکات و دەڵێت :

کوردستانی خۆش، نیشتمانی جوان
تۆ قیبلەگاهی ، منی بێ گومان
چاوم پشکووتووی شاخەکانتە
فێری سەیرانی باغەکانتە

( دڵدار شاعیری شۆڕشگێری کورد، ١٨٢)

ئەم شیعرە هەر لەسەرتاوە تا کۆتایی لەپاڵ وەسفی سروشت و کەش و هەوای کوردستان بۆنی نەتەوەیی و نیشـتمانی هەڵگرتووە و شـاعیر بەو پەری شـانازییەوە نیشـتمان دەکاتە مەنزڵی کوردایەتی و جوان پەرستی .

بەرهەمە شیعریەکانی دڵدار لە چوارچێوەی بیری خۆشەویستی کوردستان و نیشتمان پەروەری و هۆشیارکردنەوەی گەلی کورد بەماف و خواستەکانی و مەسەلەی چینایەتی و ئامۆژگاری و ئەو جۆرە بابەتانەدا خۆی دەبینێتەوە، هەروەها شـاعیر لەبەر ئەوەی شـاعیری دوای قۆناغی " حاجی قادری کۆیی" بوو، هەروەها لە بەر زۆر کاریگەربوونی بە حاجی ، تارادەیەک لە شـیعرەکانی دا رەنگ دەداتەوە و هەروەها شـاعیر زۆرتر مەبەسـتی گەیاندنی بیر و پەیامی کوردانەی بووە بۆیە کەمتر خۆی بە رازاندنەوەی شیعرەکانی و وشـەکاری کردوە، بەشـێوەیەکی گشـتیش ئەرکی شیعر

لەو قۆناغەدا پەیامداری بووە، جا پەیامی نیشـــتیمانی یا کۆمەڵایەتی یا هۆشـــیار کردنەوە.... بوو‌بێت((ئاشـــکرایە لە داوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم بەدواوە شـــاعیرانی کورد پەیامدارانە و وشـیارانە روویان لە چەند بابەتێکی شـیعری کردووە تا ئەرکێکی دیاری کراویان پێ ببینن وەک ئەرکی سیاسی و نیشتمانی وکۆمەڵایەتی و ئایینی...))( ئەرکی شیعر لە ئەدەبی کوردی دا، نەسـرین رەئووف ئیسـماعیل، ١٠٩) دڵادریش لەبەرامبەر ئەو ئەرک و پەیامانەدا دڵسـۆزانە بە ئەرکی خۆی هەستاوە و رۆڵی خۆی تاو داوە .

لە شـــیعرەکانی دڵدار و ئەو قۆناغەی تێیدا ژیاوە، قۆناغێکی گواســـتنەوە بووە لەنێوان رێبازی کلاسـیکی و رۆمانتیکی و دواتریش بەرەو ریالیزم، هەربۆیە کۆی بەرهەمە شـیعریەکانی بۆنی هەر یەک لە سـێ رێبازەی بەخۆی هەڵگرتووە، کە لە هەریەکێکیان دا تایبەتمەندی خۆی پاراسـتووە و جۆرێک لە بیر وردی و دەست رەنگینی خۆی پیوە دیارە، چونکە نەکەوتۆتە بەر لاسایی کردنەوەی شـــاعیرانی پێش خۆیی و تایبەتمەندییانەی بەشـــێوەیەکی گشـــتی ئەو رێبازانە لە خۆیی گرتوون(( دڵدار شـاعیری ماوەی تاقیکردنەوە و گواسـتنەوە بوو لە ئەدەبی کوردی نیوەی یەکەمی سـەدەی بیســـتەمدا، لە قۆناغێکی گەلێک ئاڵۆز وپڕ لە تەنگوچەڵەمەی کۆمەڵی کوردا ژیاوە، ئەم ئاڵۆزییە رەنگی لە بەرهەمی شـاعیر داوەتەوە. خەبات و زۆرانبازییەکی تیژ لە نێوان قوتابخانەی کلاسـیکی تەقلیدی کۆن و بزووتنەوەی شـــیعری نوێ" رۆمانتیزم" لە ناوەوە بوو))( مێژووی ئەدەبی کوردی، د.مارف خەزنەدار، ٥٣٩) هەر لەبەر ئەوە ئەزموونی شـــیعری بەر هەریەک لەو رێبازە ئەدبییانە دەکەوێت و لەهەریەکێکیاندا جێ دەستێکی دیاری جێ هێشتووە، کە ببێتە هۆی ناسنامەی کەسایەتی دڵدار و ئەو قۆناغەی تێیدا ژیاوە . لێرەدا لەســـەر هەریەک لەو رێبازانە ورد دەبینەوە بۆ ئەوەی زیاتر لە توانای شـــاعیریەتی دڵدار شـــارەزببین و بزانین چۆن خۆی لەو مەیدانەدا دۆزیوەتەوە لە رێی بەرهەمە شیعرییەکانییەوە .

### ٢-٢// دڵدار و رێبازی کلاسیزم :

سەرەتای ئەدەبی کوردی بە رێبازی کلاسیک دەستی پێکردووە، لەو بوارەشدا ئەدەبی کوردی خاوەن بەرهەمێکی زۆرە و ســـامانێکی گەورەی ئەدەبەکەمان پێک دەهێنێت، هەروەها خاوەن چەندین نمونەی شـــاعیری دیارو بەرچاوی کلاســـیزمین، کە شـــاکاری مەزنیان تۆمارکردووە، کلاســـیزمی کوردی هەر لە ســـەدەی "دە و یازدە" ی زایینیەوە تا ســـەرەتاکانی ســـەدەی "بیســـت" بەردەوام بووە، لەوکاتەشـــەوە چەندین قۆناغی یەک لە دوای یەکی بڕیو. شـــاعیرانیش لەهەر قۆناغێکدابووبێت کەوتوونەتە ژێرکاریگەری یەکتر و لەو رێیەوە هاتوونەتە ناو کاروانی مێژووی ئەدەبی کوردی و لە دواتردا نمونەیەکی دیاریان بۆخۆیان تۆمارکردووە. دڵداریش یەکێکە لەو شـاعیرانەی لەرێی کاریگەربوون بە شـیعری کلاسـیکی و شـاعیرانی ئەو رێبازە هەوڵی خۆی لەو مەیدانەدا تاقیکردۆتەوە، هەروەک لە بەشـــێکی یاداشـــتەکانی دا ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت(( لەم تەئریخەدا بوو، کە دیوانی نالیم زۆر بە وردی خوێندەوە، شـــیعرە جوانەکانی نالی لەگەل شـــیعرە ئاگرینەکانی حاجی قادر لەمێشـکمدا لەسـەر زەعامەتی ئەدەبی شـەڕیان بوو، لەم شـەڕە شـتێکیان بەمن بەخشی، ئەویش بۆ شیعرو ئەدەبیات رواندمیان، زۆر خەیاڵی وام لەمیشکدا بوو، کەدەمویست لەناو خەڵکیدا بەرپایان بکەم))( دڵدار شـاعیری شـۆڕشـگێڕی کورد، عبدالخالق علاءالدين، ٥٠) دڵدار

لەو یاداشـــــتەی دا باس لە ســــاڵی ١٩٣٥ دەکات، کە چۆن لەو کاتەدا "نالی و حاجی" کاریگەریان هەبووە لەســـەری، لەلایەک غەزەل و قەســیدە دڵداری و ســـەرنج راکێشـــەکانی نالی، لەلایەکی تر شـیعرە نیشـتمانی و نەتەوایەتیەکانی حاجی جۆشــی شــیعریان گڕداوە، ئەگەرچیش زۆر بە نالی کاریگەر بووەو چیژی زۆری لە شیعرەکانی وەرگرتووە، بەڵام بارودۆخی سیاسی و بیروباوەڕی نەتەوایەتی زۆرتر بەلای حاجی دا بردووە، بە واتایەکی تر ئەوەندەی گرنگی بە ناوەرۆک داوە ، کەمتر گرنگی بەروخســـار و رازاندنەوەی شــیعر داوە، کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شـــیعری کلاســیکی گرنگی دان بووە بە روخســـار و وشـــەکاری . ئەگەرچی دڵدار چەند نمونەیەکی کەمی دەکەونە بەر کلاســـیزم، بەڵام لەهەمان کاتدا توانیویەتی لەو بوارەدا هەوڵی خۆی بدات و لەهەمان کاتیشـــدا جۆرێک لە گۆڕان لە قاڵب و ســـیمای کلاســـیکیەتدا بکات(( بەپێی ئەو شـــیعرانەی لە دیوانەکەیدا چاپ کراون، لەسەر پێی دانی شیعری کلاسکی شیعری داناوە، وە بەشێوەیەکی سوک و ئاســـان شـــیعرەکانی دەربڕیوە، ئەگەرچی لەســـەر پەیڕەوی ئەدەبی کلاســـیکی رۆیشـــتووە لەبەکـارهێنـانی عەروز و قـافیەدا، بەڵام وەک ئەوان خۆی خەریـک نەکردووە، بە روخســـــاری شیعرییەوە))( رێبازی رۆمانتیکی کوردی، خورشید رەشید، ٢٤٢)، جا ئەو خۆ پێوە خەریک نەکردن و گرنگی نەدانەی لەبەر ئەوە بووبێت زۆرتە مەبەستی گەیاندنی پەیامەکەی بووبێت یا ئەوەتا لەبەر ئەوەی لەو قۆناغەدا شێوازی ئەو جۆرە شیعرانە تاڕاددەیەک کەمتر ببۆوە، ئەمەش کاریگەری نەک هەر لەسەر دڵدار بەڵکو لەسەر زۆربەی شاعیرانی ئەو قۆناغە هەبووە .

چەند نمونەیەک لەو شـیعرانەی دەکەونە بەر شـیعری کلاسـیکی، دڵدار لە شـیعری (ئومێد) دا، کەپارچە غەزەلێکە و لە ساڵی ١٩٣٥ نووسیویەتی، شێوازیکی کلاسیکی بە روخساری شیعرەکەوە دیارە، ئەگەرچی لەناوەرۆکی شـــیعرەکەیدا زیاتر ناوەرۆکێکی تازە بەخۆ دەگرێت، بەڵام لەهەمان کاتیشـــدا لە رووی کێشـــەوە پەیرەوی کێشـــی عەروزی کردوە، هەروەها ســـەروای یەکگرتوی بەکارهێناوە، لەســـەرەتای غەزەلەکەوە تا کۆتایی یەک ســـەروای هەیە و جۆرێک لە وشـــەکاری تێدا کردووە، هەروەک دەڵێت:

چاوەکانم لێڵ و وێڵ بوو کوا ستارەم دەرنەکەوت
دڵ لە تاوی دەردی گڵپەی سەند وەکو ئاورو نەوت
رۆژهەڵات و زیندەگی دا گشتی عالەم کەوتە ئێش
چاوەنۆڕی ئوفقی دوورم رۆژی من کوا دەرنەکەوت

( دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، ١٧٨)

لەم شیعرەدا کێشی (رەمەلی هەشتی مەقسور)ی بەکارهێناوە.

هەروەها لە شــیعری "دڵ" کە لەگەڵ " عەونی" بەیەکەوە نووســیویانە ، بەهەمان شــێوە ســیمای کلاســیکی پێوە دیارە و کێشــی" رەمەلی هەشــتی مەحزوف" ی بەکارهێناوە، ســەروای یەکگرتوی بەکارهێناوە، ئەو جۆرە وشەکارییەی بەکارهێناوە، کە " نالی" پێ دەناسرێتەوە، لەم شیعرەدا هەست بە کاریگەری زمانە ئەدەبییەکەی نالی دەکرێت لە شیعرەکەیدا، هەروەک دەڵێت:

دڵ لەبەینی تەڵعەتی روو زوڵفەکەی دەیجوورتە
گاهێ مەیلی شەو ئەکات و گاهێ مەیلی نوورتە

بەحری عوسمانی سروشکم وا بەدەم گریانەوە
پڕ لە دانەی گەوهەرە هەم لەعلی وێنەی سوورتە

(دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد،١٨٠)

لە پارچە غەزەلی "نائومێدی" بەهەمان شـــێوە کێشـــی" هەزەجی هەشـــتی تەواو" ی بەکارهێناوە، هەروەها سەروای یەکگرتوو و
ئەو جۆرە وشەکارییەی لە ئەدەبیاتی کلاسیکی دا باوبووە ، هەروەها جۆرێک لە ناوەرۆکی دڵداری و ئەڤینی لە خۆگرتوە ، کە لە شیعری شاعیرانی کلاسیکیشدا رەنگی داوەتەوە، هەروەک دەڵێت:

زەدەی تیـری نیگاهــی فیـتنە پەردازی نیگارێکم
گیرۆدەی داوی زوڵفی مشکباری گوڵ عوزارێکم
ئەوی نەیـدیبێ نیشێ دڵ و یـا ئـازاری دڵـداری
چوزانێ من لە ئێشانی چە سووتان و فگارێکم

(دڵدار شاحیری شۆڕشگێڕی کورد، ٢١٠)

لە شـیعری " لاوی کوردان"، کە لەســەر شــێوەی شــیعرەکانی "حاجی " هۆنیویەتیەوە، بە رواڵەت پەیرەوی ســیماکانی کلاسـیکی کردووە، بەڵام لە ناوەرۆکدا ســیمایەکی نەتەوایەتی پێوە دیارە، ئەم پارچەیە شـــیعرێکی دوورو درێژە و پێک هاتووە لە٢٠ کۆپلەی چوارینەیی، لە قۆناغی ناوەندی نووســیویەتی، هەروەک لە دیوانەکەیدا ئاماژەی پێکراوە،لە شـیعرەکەیدا پەیڕەوی کێشــی عەروزی کردووە و ســـەروای یەکگرتووی شـــێوە قالبی چوارینەی بەکارهێناوە، هەروەها زمانی دەربڕینی شیعرەکەی ئەو شێوە زمانەیە، کە حاجی بەشێکی زۆری شیعرەکانی پێ دەربڕیوە، هەروەک دەڵێت :

تـۆ ئەزانی ئەی وەتـەن ئـیمڕۆکـە بــۆچی بـێ بـەشـی
بــۆچی دەســتی شــەو نـیشانــی تـۆ ئـەدا نـامەی رەشی
پێت بڵـێم ئــەســبابی گـــەورەی زیللەت وچــارە رەشـی
"گەنجی کوردان هەر لەدەورەی مەی ئەکەن غیرەت کەشی"

( دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد،٢٠٢)

دکتۆر مارف خەزنەدار ئەم شـیعرەی ناوناوە شـیعری" سـیاسـی" چونکە پێی وایە دەرخەری بیرو باوەڕێکی سـیاسـی یەو هانی لاوەکان دەدات، کەچیتر باوی قسـەی بێ کردار نەماوە، بەڵکو دەبێت هەموو هەوڵبدەن لەپێناو گەیاندن و بڵاوکردنەوەی بیری کوردایەتی .
بەم شێوەیە ژمارەی شیعرە کلاسیکیەکانی زۆر کەمن و زیاتر لە قۆناغێکی ئەزموونی دا دەبینرێن، بەو مانایەی شـاعیر لە قۆناغی ئەزموونی شـیعر نووسـینی دا ئەم شـێوازە شـیعریەی بەکارهێناوە، ئەگەرچی توانیویەتی ئەزموونی خۆی تێدا تاقی بکاتەوە، بەڵام لەهەمان کاتیشـــدا جۆرێک لە لێزانی و دەست رەنگینی دڵداری تێدا دەردەکەوێت.

**٢-٣//دڵدار و رۆمانسیزم :**

قۆناغی شـــیعر نووســـینی دڵدار لە کلاســـیزم زۆر نەمایەوە، بەخێرایی رووی کردە رێبازی رۆمانسیزم، چونکە هەر لەو سەردەمەی دڵدار تێیدا دەژیا قۆناغی نوێکردنەوەی شیعری کوردی و هاتنە کایەی رۆمانسـیزم بوو، ئەمەش وای کرد هەر زوو رێچکەی شـیعری بگۆڕێت وبەرەو سـیما

و روخســاری ئەم ریبازە هەنگاو بنێت.(( دڵدار بە قۆناغی دوای گۆران و پیرەمێرد دەژمێردرێت، لە بەردەوام بوونیدا لەسەر ریبازی رۆمانتیک، ئەم قۆناغی گواستنەوەیشی بەرەو ریبازی رۆمانتیک و شـێوەی تازەگەری دیارە چ لە روخســار و چ لە ناوەرکدا))( رێبازی رۆمانتیکی کوردی، خورشـید رەشــید، ٢٤٧)، دڵدار لەشــیعرەکانی دا بە قۆناغی نوێکردنەوەدا تێپەڕبووە، بەجۆرێک لەگەل ئەو ســیما تازەگەریەدا هاوتابووە، کە لەو ســەردەمەدا شــیعری پێ نووســراوە، هەروەک شــاعیران بەتەواوی دەســتیان لە کێشــی عەروز و بەکارهێنانی وشــەی عەرەبی و زمانەکانی تری دراوســێ هەڵنەگرتبوو، دیارترین شیعری ئەو قۆناغەشی " خەندەکەی بایی، گوڵی سور"ە کە بەتێکەڵ کردنی کێشی عەروز و کێشی خۆماڵی سیمایەکی نوێی بە شیعرەکە بەخشیوە، هەروەک لە " خەندەکەی بایی " دەڵێت:

لــە ئـافـاقی ژیـانی نـائومێدیـم خـەندەکەی بایی
فریشتـەی پـاکی هیوامی نیشانـدام وا کـەبیدوێنم
پریشکی تیشکی ئەستێرەی جوان ئیمشەو بە ئەسپایی
بەسۆزی هاتە نێو کونجی دڵـی تـاریکی پڕ خوێنم
دەسا دەی مەسدەری هەستی
دەخـێـــرا لادەرە پـەستــی

(دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد،١٩٦)

لەم شــیعرەدا هەســتێکی نائومێدی و رەشــبینی بە شــیعرەکەوە دیارە، کە ئەمەش خاســیەتێکی رۆمانتیکەکان بوو، کە بەجۆرێکی رەشــبینی و بێهیوایی بۆ ژیانیان دەڕوانی، هەروەها گەڕانەوە بۆ خەون و خەیاڵ و دوورکەوتنەوە لەو واقیعەی تێیدا دەژین، لەهەمان کاتدا، کێشـی هەزەج و کێشـی پەنجەی خۆماڵی ٨ برگەیی بەکارهێناوە، بەجۆرێک چوار نیوە دێری یەکەم کێشـــی عەروزی یەو، دوو نیوە دێری ناوەراســت کێشــی خۆماڵی یە، کەئەم جۆرە تێکەڵ کردنە لە شــیعری کلاســیکی دا نەبووە.

لە شـیعری" کوردســتان" بە وەسـفی سـروشـتی کوردسـتان دەسـت پیدەکات و وەسـفی دیمەنە جوانەکانی کوردســتان دەنەخشــێنێت، کە چۆن وەک پیرۆزییەک تەماشــای دەکات و لای شــاعیر رەمزی قیبلە و قودسیەت دەردەخات، هەروەها کێشی عەروزی و جوت سەروای بەکارهێناوە

کوردستانی خۆش ، نیشتمانی جوان
تـۆ قیبلـەگـاهی مـنـی بێگومـــــان
چـاوم پشـکـتـووی شــاخــەکـانتـــە
فێـری ســەیــرانـی بـــــاغــەکانتە

(دڵدار شاعیری شۆرشگێری کورد، ١٨٢)

لەشـیعری " ئەی بادی شـەماڵ" شـاعیر وێنەیەکی رۆمانتیکیانە دەنەخشـێنێت، بەجۆرێک لەگەڵ " با " دا دەکەویتە گفتو گۆ و هەواڵی خۆی بە با دا بۆ یار دەنێریت، لێرەدا شـــاعیر وێنەیەکی دڵداری دەخاتە روو، کە وا چۆن ســەرمەســتی هەواڵی یارەکەیەتی و دەیەوێ دەردە دڵی خۆی لەگەڵ دا بکات، بەجۆرێک یار دڵی بردووە و دەیەوێ شەکوای حاڵی بگەیەنێتە یار، هەروەک دەڵی :

ئەی بادی شەماڵ ، ئەی بادی شەماڵ
پۆستەی هەوایی دڵەی پر زوخاڵ
دەستم دامەنت ئەچی بۆ کویندەر؟
ناچی بۆ کۆیێ مەئوای دولبەر...؟
وەک عارەب دەخیل گەر چووی بۆ ئەولا
مەوەستە تاکو بەردەمی لەیلا
مەوەستە تاکو لای شۆخێ کە وا
تیری نیم نیگای لە دڵدا روا

(دڵدار شاعیری شۆڕشگێری کورد، ٢٠٠)

ئەگەرچی لەزۆربەی سەرچاوەکاندا باسی لایەنی خۆشەویستی و دڵداری لای شاعیر نەکراوە، بەڵام لەهەمان کاتدا وێنەیەکی جوانی سۆزداری نیشان داوە، بەجۆرێک کە وەک خەیاڵێک بەدی دەکرێت لای .

لە شیعری " زوڵف و ئەگریجەی یار " دا وەسفێکی روخساری یارەکەی دەکات، بەجۆرێک وێنەیەکی رۆمانتیکیانە و بەزمانێکی سادە و کێشی خۆماڵی هۆنیویەتییەوە، دەڵێت :

زوڵف و ئەگریجەی یار چەندە تەبایە
وێنەی جەماڵی یار لە دڵی من دایە
شا بۆی گەدایە
گەداش فیدایە
روح بۆی نەمایە
هەر بێ وەفایە
چونکە مەشرەبی یا جەورو جەفایە

( دڵدار شاعیری شۆڕشگێری کورد، ٢١٨)

ئەگەر سەیری بکەین شێوازی رێکخستنی سەروا و ئەو کێشەی بەکاری هێناوە، لەو سیماو تایبەتمەندیانەی شیعری رۆمانتیک دەژمێردرێت، کە شاعیر هەولێ خۆی تێدا بەگەڕخستوون . بەم شێوەیە لە شیعرە رۆمانکیەکانی دا زیاتر کێشی خۆماڵی بەکارهێناوە و هەندێ جاریش کێشی عەروزو خۆماڵی تێکەڵ کردوە.

**٢-٤// دڵدار و ریالیزم :**

رێبازی رۆمانتیک لە ئەدەبی کوردی دا مێژوویەکی درێژی نەخایاند، بەڵکو بەگۆڕانی بارودۆخی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و فکری، رەوتی ئەدەب و لایەنی رۆشنبیریش گۆڕانی بەسەردا هات، بەواتایەکی دەتوانین بڵێین رێبازی رۆمانسیزم بەشێوەیەکی گشتی قۆناغیکی راگوزەری بووە لە کلاسیکەوە بۆ ریالیزم، هەربۆیە بەنوێکردنەوەی شیعری کوردی و چەسپاندنی بنەماکانی نوێگەری لەشیعری کوردی و سەرهەڵدانی جۆرە ئەدەبییە نوێکان، قۆناغێکی نوێ لە ئەدەب هاتە کایەوە، ئەویش رێبازی ریالیزم بوو. دڵدار لەم مەیدانەدا توانیویەتی زۆربەی هەوڵەکانی خۆی چڕبکاتەوە و

وێنەیەکی جوانی هۆنراوەکانی بخاتە بەردەست، چونکە ئاگاداری تەواوی ئەو بارودۆخەی ئەوسا بوو، هەروەها بەهۆی خوێندنی لە زانکۆ و بەشداری کردنی لە بزووتنەوە رزگاریخوازییەکان و بیرورا فەلسەفیەکانی ئەوروپا، کە لەو کاتەدا گوازرابوونەوە کوردستان و رۆشنبیران کورد لە ژێر کاریگەری ئەو بیرانەی ئەوروپا زۆر گۆرانیان لە بیروباوەری فکری خۆیان کرد، هەروەها بوونی پارت و رێکخراوەکان کاریگەرییان هەبوو لە گەشەسەندنی بیری نەتەوایەتی و هاندانی تاکەکانی کۆمەڵگا، بەتایبەتیش" دڵدار"، کە خۆی یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی "حیزبی هیوا" (( دڵدار کاتێ دەچێتە حیزبەکەوە ئیتر وەک شاعیری کرێکاران و جوتیاران دەردەکەوێت و هێندەش بروای بەخەباتی چینایەتی دەبێت، کە پێی وایە؛ بەبێ تێکەڵکردنی خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی ناگاتە ئامانج))(ریالیزم لە شیعری هاوچەرخی کوردی دا، عەباس محەمەد قادر،٦٣) هەربۆیە بەشێکی زۆری شیعرەکانی تایبەتن بە دەرخستنی مەسەلەی چینایەتی و کێشەی نێوان جوتیار و دەرەبەگ ، بەتایبەت لە رووی ناوەرۆکی شیعرەکانیەوە بەردەوام هانی تاکەکانی دەدا بۆ خەبات کردن و هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی خواستەکانیان، لەلایەک ، لەلایەکی تریش دیمەنی واقیعی کۆمەڵگای کوردی دەخاتە روو، رەخنە لەناتەواویەکانی دەگرێت و زۆرجاریش بەدوای چارەسەرێکی گونجاودا دەگەرێت. لێرەدا ئەو نمونانە دەخەینە بەردەست، کە دەکەونە چوارچێوەی ریالیزمی بەهەموو ئەو جۆرانەی، کە لە نمونە شیعریەکانیدا بەرچاو دەکەون:

●ریالیزمی فۆتۆگرافی : ئەو جۆرە ریالیزمەیە، کە واقیعی مرۆڤ و کۆمەڵگاکەی وەک چۆن خۆی هەیە، ئاوا پیشانی دەدات، واتا وینەیەکی واقیعی و فۆتۆگرافیانەی دەخاتە روو، بەجۆرێک وەک لایەنێکی راستەقینەی خۆی بە باش و خراپیەوە. دڵدار لە شیعری" توتنەوان" دا وێنەی ژیانی جوتیار و کرێکاری لادێکانی کوردستان پیشان دەدات، بەوێنەی ریالیزمی فۆتۆگرافەری دیمەنێکی ژیانی ئەو سەردەمە دەردەخات، هەروەک دەڵێ :

رۆژێکی هاوین لە قرچەی گەرما
ئاودێرێکی رووت رووتنی ئاوئەدا
زەرد ولاواز و نەخۆش
ماڵ وێران پەرپووت بەدەم لەرزوتا
لە چوار سەرخێزان خۆی و منداڵی
هەر ئەویان هەبوو، هەڵسابوو گۆیا
سەپکەیێ بکا ، گۆزە ئاو بێنێ
توتن ئاو بدا ، منداڵ بەخێو بکا

(دڵدار شاعیری شۆرشگێری کورد، ٢١٩)

لەم شیعرەدا دیمەنێکی واقیعی بەرجەستە دەکات، باسی جوتیارێکی توتنەوان دەکات، چۆن بە گەرمی هاوین و نەخۆشی و سەختی ژیانەوە، خەریکی کارکردن و پەیداکردنی بژێوی خۆی و خێزانەکەیەتی. هەروەها لەشیعری " لالە باس " یش دا وێنەیەکی واقیعی ژیانی جوتیاران دەردەخات و بەهەمان شێوە، ئەو واقیعە خراپە چۆنە ئاوا دیمەنکانی دەگوازێتەوە بۆمان و دەڵێت:

رۆژێکـی پــــایز لـــــه پێش نیـــــوەڕۆ
لالە بـــاسم دی زەوی ئـــــەدا تـــــــۆ
ڕووت و زگ والا پیـــــــــروتێکـشـــــــاو
پشتـی چـــەمــاوە لوت لـەســـەر ئـەژنــۆ
گۆچانی دەسی دەستەندووی جووت بوو
دەنگی نووسابوو بـەهــێ هـێ هــۆهـۆ

(دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، ٢١١)

بەنیشاندانی ئەم چەشنەی ژیانی "لالە بایز" دەست پێدەکات و وێنەیەکی فۆتۆگرافی ژیان وماندوێتی پیرە پیاوێک دەســـت پێدەکات و وێنەی ژیانی چینی هەژاران پیشـــان دەدات، ئەگەرچی لە کۆتایی دێڕە شیعرەکەیدا بەرەو ریالیزمی رەخنە گرانە هەنگاو دەنێت و رەخنە لەو واقیعە نالەبارە دەگرێت، کە ژیانی دابەش کردووە بۆ دوو چینی جیاوازی کۆمەڵگا.

●ریـالیزمی رەخنەگرانە : ئەو جۆرە ریـالیزمەیە یـا ئەو لقەی ریـالیزمە، کە واقیع بە جۆرێکی رەخنەگرانە دەردەخات و رەخنە لە ناتەواویەکانی کۆمەڵگا دەگرێت و لایەنی ناشـــیرنی مرۆڤ و کۆمەڵگا و ژیانی مرۆڤایەتی دەردەخەن بەجۆرێک هەندێک جار رێگەچارەیەکی گوجاویش دەخەنە روو بۆ ئەوەی لەو ناشیرنی و لایەنی خراپەیە دەربچن و کۆمەڵگایەکی تەندروست و خۆشگوزەران دەسـتبەر بکەن . لە شـیعرەکانی "دڵدار" دا لەم چەشـنە ریالیزمییە بوونی هەیە و تەنانەت زۆر جار بە داکۆکیکاری سـەرسـەختی ژیانی جوتیاران لەقەڵەم دەدرێت. "دڵدار" لە شـیعرەکانی " توتنەوان، کەپری ئاودێر " بە شـــێوەی ریالیزمی فۆتۆگرافی دەســـت پێدەکات و لە دواتردا بەرەو ریالیزمی رەخنەگرانە هەنگاو دەنێت، ئەمەش لە شـیعرەکانی وەک " دوو سـوار، چەندووچوون، ماڵ وێرانی، حساو، حساوکردن" کە چەند پارچە شیعرێکی یەک لەدوای یەکن و تەواوکاری یەکترن، رەخنە لەو واقیعە کۆمەڵایەتییە دەگرێت، کە سیستەمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای کوردییە، چۆن ئاغا و کەسانی کاربەدەســـت کۆمەڵگا بەڕێوە دەبەن و ژیان و خۆشـــگوزەرانی هەر بۆ ئەوانە و چینی هەژار و ماندووی کۆمەڵگاش بەشـیان هەر مەینەت کارکردن بێت، ئەمەش لەناو دیمەنەکانی شـیعری " لالە بایز" دا بەتەواوی دەرخراوە، هەروەک دەڵێت :

وتی لەهاوین کێخوا "کاکەسور"
هـاتە مـاڵــەوە پێـی وتم لالۆ
شایەدی بدە زەوی" زێڕین دۆڵ"
کە وا هین منە قـورئانیش بخۆ
وتم کاکە سور بەو سەرو ریشە
ئۆباڵی خەڵکی ناخەمە ئـەستۆ
وتی هەروەهـا بەسـەری ئـاغـا
ئەتکەمە پوری بەر جەنگی هەڵۆ

( دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، ٢١٢)

لەم چەند دێڕەدا دیمەنێکی واقیعی و رەخنەگرانەی خســـتۆتە بەرچاو، کە چۆن ئاغاکان بەربوونەتە سەرماڵی جوتیاران و زەوی و موڵکیان لێ داگیرکردوون .

هەروەها لە شـیعری " حسـاو" دا وێنەیەکی تری ناشـیرنی کۆمەڵگای کوردەواری پیشـان دەدات، چۆن مەلاکان لە پێناوی پارە و دەسـەڵات فتواکانیان لە بەرژەوەندی خەڵکانی بەرپرس و ئاغاکان بەکارهێناوە و دژی جوتیار و هەژاران وەستاونەتەوە و ئەڵقە لەگوێی ئاغاکان بوون و دەڵێت :

ئا مەلا سەعید دەفتەرت دەرکە'
سەیری بۆ عەولا چی هاتۆتەناو
کابرای لەگەڵ ئەم تومەز مەلا بوو
مەلایەکی گەنج تازە ریش تاشراو
هەرزەو دڵداری لە رووی ئەباری
سمێڵی بـاریکی چاو کل تێ کراو
مـەلا دەفتەری لـە باغەڵ دەرکرد
دەفتەر چ دەفتەر پەڕپوت وگەچلاو
ئەرقامی زل زل خەتی خواروخێچ
ئیملای فارسی بە کوردی نووسراو
نەم دی پەڕێکی بێ فێڵ نووسراو بێ
نەم دی وشەیێک ساغ و نەڕنراو بێ

( دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، ٢٢٤)

بەم شێوەیە مەلاکان لەو سەردەمەدا سەرچاوەی بەشێکی مەینەتییەکانی چینی هەژاران.

لە شیعری " ئیش" دا ئەگەرچی ناتەواویەکانی کۆمەڵ پیشان دەدات لەهەمان کاتدا رێگە چارەیەکیش دەخاتە روو، هەروەک دەڵێ :

دڵ بە دووی ئەفسانە کەوت و وای ئەزانی وا ئەبێ
ئیشی دنیا رەنجی پێ نـاوێ بـە خۆی کۆتـا ئـەبێ
نـەی دەزانی ئەو بەئـارەق داری ئـومێد ئـاو بـدا
گەر بەخوێن پەینی بکا ئەوجا سەمەر پەیدا ئـەبێ
لەفزی "نابێ" نابێ بیزانی کـە لاوی کوردی تـــۆ
هەر بەکۆشش دێتە بەر باغی ئەمەل ئیحیا ئـەبێ

لێرەدا بـاس لە لاوی کورد دەکات و رەخنەی ئەوەی لێ دەگرێ بە دوای خەون و خەیـاڵەوەن ، هەروەها خاوەن و قسـەی بێ کردارن، بۆیە داوا دەکات ئەگەر دەیانەوێ ژیانێکی خۆش و کامەران بژین، دەبێ هەوڵ و کۆشش بکەن و قوربانی بدات لەو پێناوەدا .

●ریالیزمی شۆڕشگێڕانە :

یەکێکی تری لقەکانی یا رێچکەیەکی تری ریالیزمە(( ئەم رێبازە مرۆڤ و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە حاڵەتی پەرەسەندن و گۆڕانکاریدا وێنە دەکێشا، باوەڕێکی شۆڕشگێڕانە و پتەوی بە گۆڕانی مرۆڤ و کۆمەڵگە هەبووە لە خراپەوە بەرەو باش و لە باشـــەوە بۆ باشـــتر))( رێبازە ئەدەبییەکان، فەرهاد پیربال، ١٠٨)، هەر بۆیە شـــاعیری ریالیزم بەرەو واقیعێکی خۆشـــتر و لەبارتر هەنگاو دەنێت، بەو هیوایەی ئامانجەکانیان بێتە دی . دڵداریش یەکێکە لەو شاعیرانەی بە شۆڕشگێڕی ناسراوە ،ئەمەش لە ژێر کاریگەری بیروباوەڕی " مارکســـیزم و لینینزم" و هەروەها ئەو بارودۆخە ســـیاســـی و

نەتەوایەتییەی لەو قۆنـاغەدا لە ئـارا دابوو . دڵـدار لە شــــیعری " رۆڵەی تـازە" دا ئەو دیمەنەی بەرجەستە كردووە و دەڵێت :

من رۆڵەی كوردستانم     تازە رۆڵەی كوردانم
تاكو وڵات سەركەوێ     فیـدایە روح و گیانـم

لە كۆتای شیعرەكەیدا دەڵێت :

وەتەن موحتاجی تۆیە     رێگاكەت جوست وجۆیە
میللەتێ سست بژیتن     لە مـەیدان وەكو گۆیـە

ژینسـازی و باشــتر ژیان یەكێكە لە ئامانجەكانی هەوڵەكانی دڵدار بۆ ســەربەخۆیی و پێشــكەوتنی كۆمەڵگای كوردی بۆیە هانی لاوەكان دەدات بەردەوام بن لەهەوڵ وكۆششــەكانیان، چونكە وەتەن پێویستی بەهەوڵ  و ماندوو بوون و قوربانی دانی ئەوان و بەئەوانیشەوە پێش دەكەوێت.

هەروەها لە شیعری" بلێ سەربەستی یا ئەی لاو" داوای سەربەستی و ئازادی دەكات بەجۆرێك تا میللەت سـەربەست و ئازاد نەبێت ناتوانێت بە ئامانجەكانی بگات، بۆیە یەكەم ئامانجیان بەدەست هێنانی سەربەستی یەو لە وێشەوە بۆ ئامانجی گەورەتر هەنگاو بنێن ، دەڵێت :

لــە سـاتێكی وەهـا تـەنگاو و لـەكاتێكی وەها پـــەستی
كە عالەم گشت هەستاون ئەبێ كەی تۆش لەخەو هەستی
بەچاوی راستەقینە سەیری خۆت كەیت و بكەی هـەستی
كەوا مەحرومی سەربەستی لە ژێر دەستانا ژێر دەســتی
لەگەل لاوی نهێنی كورد بلێ سەربــەستی سەربـــەستی

(دڵدار شاعیری شۆڕشگێری كورد،١٩٤)

كەواتە ســەربەســتی ئاواتی شــاعیر و گەلی كوردیشــە، بۆ ئەوەی لە ژێر دەســتەیی و نەزانی و دواكەوتوویی رزگاریان ببێت و هاوشـێوەی گەلانی دونیا سـەربەست بژین. هەرووەها لە شـیعری" ئەی رەقیب" یش بەهەمان شــێوە بیری شـــۆرشـــگێرانە بەدی دەكرێت و لە چوارچێوەی بیرە نەتەوەییەكەدا دایرشتووە.

بەو جۆرە " دڵدار" توانیویەتی لە مەیدانی شـــیعری ریالیزمی دا وێنەیەكی جوان تۆمار بكات و نـاوەرۆكێكی كۆمەڵایەتی و چینـایەتی و نەتەوەیی بخـاتە روو. هەرووەهـا لە رووی روخســـار شـیعرەكانیشـیەوە لەو قۆناغەدا پەیرەوی ئەو تایبەتمەندییانەیان كردووە، كەلەو قۆناغەدا باوبوون(( زۆربەی ئەو شـیعرانەی بڵاودەكرانەوە لە رووی كێشــەوە عەروزی بوون ، بەڵام شـاعیران زیاتر ئەو كێش و قاڵبانەیان بەكاردەهێنا، كە زیاتر لەگەڵ لایەنی دەنگسـازی و زمانی كوردیدا دەگونجان، كە ئەوانیش كێشـــەكانی "هەزەج و رەمەل و موزاریع و هەندێ لەقالبەكانی تر بوون))( ســـیماكانی تازەكردنەوەی شیعری كوردی، یادگار رەسـول باڵەكی، ١٤٨) "دڵدار"یش بەهەمان شـێوە لەو جۆرە كێشانەی بەكارهێناوە، ئەگەرچی بە روخسار و ناوەرۆك شیعری نوێ یا ریالیزمین، بەڵام لەهەمان كـاتدا لە رووی كێشـــەوە كێشـــی عەروزی یـا خۆمـاڵی بەكـارهێنـاوە، هەروەهـا لە بەشـــێك لەشـــیعرەكانیشـــی زۆر خۆی بە كێشــەوە خەریك نەكردووە، چونكە زۆرتر مەبەســتی گەیاندنی پەیامەكەی بووە، بەتایبەت لە شـــیعرەكانی كۆتایی دا، واتە گەڕانەوە بۆ كێشـــی خۆماڵی وەك

پێویستییەکی لێ هاتووە لای شاعیر، لەرووی سەرواشەوە سەروای ستوونی بەکارهێناوە و کەمتر سەروای شیعرەکانی گۆڕیوە.

بەم شێوەیە دەبینین " دڵدار" لەماوەی کەمی ئەزموونی شیعر نووسینی دا سەرچاوەیەکی بە پێزی بەرهەم و دەقەکانی بۆ بەجێهێشــتووین، کە رەنگدانەوەی ئەو بارودۆخە مێژووییەیە کە پێیدا تێپەڕ بووە، لە شیعری کلاسیکی یەوە دەستی پێکردووە بەرەوە رۆمانتیک و لەوێشەوە بۆ ریالیزم، لەم نێوەندەشدا دەتوانین بڵێین لە مەیدانی شیعری ریالیزمی دا توانیویەتی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و بیری نەوایەتی و شــۆڕشــگێڕی بەتەواوی بەشــیعرەکانیەوە لە رێی زمانێکی شــیعری ســادەو تۆکمەوە بگەیەنێت .

## ئەنجام :

•رێبازە ئەدەبییەکان سەرەتا لە ئەوروپا لەسەردەستی نووسەرو بیرمەندانی ئەوروپا هاتنە کایەوە، لە دواتردا بە تێپەڕبوونی قۆناغە جیاجیاکان، گواســتراونەتەوە بۆ ناو میللەتانی تر، کوردیش لەم بابەتە بێ بەش نەبووە و ئەو جۆرە دابەشکردنەی ئەدەبیات بەپێی رێبازەکان تێیدا رەنگدەدەنەوە .

•دڵدار لەسەرەتای شیعر نووسینی دا بەسیمایەکی کلاسیکی و ناوەرۆکێکی تازە گەریانە دەستی پێکردووە، لەدواتردا بەرەو رێبازی رۆمانتیک هەنگاوی ناوە و لە رێبازی ریالیزمدا دواین بەرهەمەکانی نووسیوە.

•دڵدار شــاعیرێکی قۆناغی نوێگەری بووە، لە شــیعرە کلاســیکیەکانی دا زیاتر کاریگەری حاجی قادری کۆیی پێوە دیارە، لە قۆناغەکانی کۆتایی شــیعر نووســینیشــیدا لە شــێوەی ریالیزمی شۆڕشگێڕانەو ناوەرۆکی مەسەلەی چینایەتی و کۆمەڵایەتی گیرساوەتەوە.

• لە رووی روخساری شیعرەکانییەوە زۆری خۆی خەریک نەکردووە بە روخسار و رازاندنەوەی شــیعری ، هەروەها ئەو کێشــانەی عەروزی بەکارهێناوە، کەلەگەڵ زمانە شــیعریەکەیدا بگونجێت، کێشی خۆماڵیشی بەکارهێناوە، لە رووی سەرواشەوە سەروای ستوونی بەکارهێناوە .

## سەرچاوەكان :

**كوردييەكان :**


١-ئيدريس عەبدوڵا، قۆناغی پێش رۆمانسيزمی شيعری كوردی،چ١، چاپخانەی رۆشنبيری، هەولێر، ٢٠٠٦.

٢-جەبار ئەحمەد حسێن، ئيستاتيكای دەقی شيعری كوردی،چ١، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٣-حەمە حەمەئەمين قادر، كاروانی شيعری نوێی كوردی،چ٢، زانكۆی سەلاحەدين، هەولێر، ١٩٨٧

٤-خورشيد رەشيد ئەحمەد، رێبازی رۆمانتيكی كوردی، مطبعە جاحظ، بغداد، ١٩٨٩.

٥-رەزا سەيد حسێنی، قوتابخانە ئەدەبييەكان، و. حەمەكەريم عارف، دەزگای موكريان، هەولێر، ٢٠٠٦.

٦-رەفيق حيلمی، شيعرو ئەدەبياتی كوردی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠ .

٧-سيروس پرهام، رياليزم و دژە رياليزم، و. حەمەكەريم عارف، چاپخانەی سپيرێز، دهۆک،٢٠٠٤.

٨-شكری عزيزماضی، تيۆری ئەدەب، سەردار ئەحمەد گەردی، چاپخانەی ماردين، هەولێر،٢٠١٠ .

٩-عبدالقادرحمەامين محمد، ئەدەب ورێبازەكانی ئەروپی- كوردی، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١١.

١٠-عبدلخالق علاءالدين، دڵدار، شاعيری شۆڕشگێری كورد،دار افاق، بغداد، ١٩٨٥ .

١١- عەباس محەمەد قادر، رياليزم لە شيعری هاوچەرخی كورديدا، مەڵبەندی كوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠ .

١٢-فەرهاد پيربال، رێبازە ئەدەبييەكان، چ٣، ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠٠٩.

١٣-كەمال مەعروف، ئەدەبياتی كلاسيكی و نوێخوازی كوردی، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٣.

١٤- كەمال مەمەند ميراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر، زانكۆی سلێمانی ، سلێمانی،١٩٧٩.

١٥- مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی كوردی، ب٥،چ١، دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠٥.

١٦- نەسرين رەئووف ئيسماعيل، ئەركی شيعر لەئەدەبی كورديدا، چ١، دەزگای موكريان، هەولێر،٢٠٠٩.

١٧- هيمداد حسێن، رێبازە ئەدەبييەكان، چ١، زانكۆی سەلاحەدين، هەولێر، ٢٠٠٧.

١٨- يادگار رەسول باڵەكی، سيماكانی تازەكردنەوەی شيعری كوردی، چ١،چاپخانەی سپيرێز، دهۆک،٢٠٠٥.


**گۆڤاری كوردی :**


١٩- رەزا سەيد حسێنی، پێشەكيەک بۆ رێبازی كلاسيک، و. رەسوڵ سوڵتانی، گۆڤاری واتە،سالی يەكەم،ژ.٤، دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠٨ .


**كتێبی عەرەبی :**

٢٠- شكرى محمد العياد، المذاهب الادبيه والنقديه عند العرب و الغربيين،؟ ،؟ ، كويت،١٩٩٣ .
٢١- فيليب فان تيغم، المذاهب الادبيه الكبرى فى فرنســـا، ت، فريد انطونيوس، منشـــورات عويدات، بيروت، ١٩٨٣ .
٢٢- مجدى وهبه، كامل المهندس، معجم المصـــطلحات العربيه فى اللغة والادب، مكتبه لبنان، بيروت، ١٩٨٤ .
٢٣- محمد مندور، الادب و مذاهبه،مطبعه نهضة مصر،القاهيره، ؟ ؟
٢٤- محمد غنيمى الهلال، الرومناتيكيه، مطبعة نهضة مصر، القاهيره،؟ ؟
٢٥- نبيل راغب، المذاهب الادبيه من الكلاسيكيه الى العبثيه،مكتبة الثقافه، القاهيره، ١٩٧٧.

**كتێبی ئینگلیزی :**

26- J.A.Cuddon, LITERARY TERMS & LITERARY THEORY,PENGUIN REFERENCE, ENGLAND,1999.
27- 1999‹A.ABRAMS, A Glossary of literary terms, 7,united state of Aamerica

**الخلاصة :**

المذاهب الادبية، كفرع من فروع الفن ولأدب نشـــأ عند مفكرى و كتاب الاوروبيين، و قامو بتصـــنيفيهن، لكن مع تطور الأدب و حركة التأريخ تجاوزت هده المذاهب حدود الأوطان و البلاد، و وصـــلت الى البلاد الاخرى، و الشـــعراء الكورد اخذوا هذه المذاهب و تمذهبوا به مع الحفاظ على خصوصياتيهم القومية، و انعكست هذه نصوصهم الشعرية و تأثروا بمرحلتهم.
وفى كل المرحلة من المراحل برز مجموعة من الشعراء و تسلمو ريادة التجديد فى زمنهيم.
دلدار أحد الشعراء الذين استطاع ان يثبت نفسه ويكون ذا صيت بأعماله الادبية المختلفة، و كما نرى أنه بدأ كتاباته و أشعاره بالمذهب الكلاسيكى، وبعدها الى المذهب الرومانسية و الرياليزمية و الطبقية، و هو بنفســه فى حياته الشـخصـية مر بكل هذه المراحل ولانعكاس كل هذه المداهب فى أشـعاره و كتاباته ، اردنا ان نكتب فى هذه البحث الدى يتكون من مقدمة و قسمين، القسم الاول يتضمن مفاهم المذاهب الادبية و تأريخ نشـــأة المذاهب الادبية بشـــكل عام فى الادب الأوروبى و الادب الكردى، والقســم الثانى يتضــمن دلدار و كيفية الأداء هذه المذاهب فى تجربة الشــعريه. وفى النهاية عرضــنا نتيجة البحث و قائيمة المصادر .

# Abstract

Literary movements were first initiated and later developed by European writers and philosophers as part of the literary canon. With time, however, these movements crossed borders and were further developed by non-European theoreticians. Kurdish poets and writers soon began to observe those movements and practiced them. Nonetheless, they kept their cultural originality and their works mirrored their national circumstances. Each era in Kurdish literature has reflected the situation in which a literary movement came to being. In addition, in each period, the emerging movements were pioneered by some new writers and poets.

Dildar is considered an influencing icon in the history of Kurdish poetry. Dildar himself has pointed to some reasons as to why he wrote the way he did and why he favored one literary movement to the other. Obviously, he began with classicism and later moved to Romanticism and Realism, the latter of which focused on the society and social classes. While he was alive, Kurdish literature saw developments in all the three movements mentioned above. This paper aims to comb through the reflections of each of those movements in Dildar's oeuvre. The present paper is made up of an introduction and two chapters. Chapter one covers literary movements as a literary concept and chapter two unravels the embodiment and implications of these literary movements in Dildar's works. This paper concludes with a summary of findings and directions for future research.